# ڕەوشی خزمەتگوزاری بۆ منداڵانی دواكەوتووی ژیری لە پەیمانگەی ئاوات

"توێژینەوەیەكی مەیدانیە لە ناوەندی شاری هەولێر"

**ID No. 723**

(PP 50 - 67)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpA.4

**ئاورینگ اسماعیل جلال**

بەشی كاری كۆمەڵایەتی,كۆلێژی ئاداب,زانكۆیسەڵاحەدین-هەولێر

awring.jalal@su.edu.krd

**عمر ئیبراهیم عەزیز**

بەشی دەروونزانی,كۆلێژی ئاداب،زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Omar.aZeeZ@SU.edu.Krd

**وەگـــــرتن :2022/01/31**

**پەسندكردن:2023/01/09**

**بڵاوكردنەوە :2023/10/15**

**پوختە**

ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕەوشی خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتی و فێركاریەكانە بۆ منداڵانی دواكەوتووی ژیری لە پەیمانگەی ئاوات لە ناوەندی شاری هەولێر، لە ڕوانگەی توێژەرانی كۆمەڵایەتی و مامۆستایانەوە.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی وەسفی شیكارییە، میتۆدی چۆنایەتی وەك میتۆدی سەرەكی لەم توێژینەوەیەدا بەكارهاتووە، ڕێگەی شیكاری بابەتیThematic Analysis بۆ شیكردنەوەی زانیاریە بەدەستهاتووەكانی توێژینەوە كە بەكارهاتووە. كۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە پەیمانگەی ئاوات لە ناوەندی شاری هەولێر، كە پەیمانگەیەكی تایبەتە بە پەروەردەو فێركردنی منداڵانی دواكەوتووی ژیری. نموونەی توێژینەوە بریتیە لە (23) مامۆستا و (4) توێژەری كۆمەڵایەتی لە پەیمانگەی ئاوات، كە بەشێوەی مەبەستدار هەڵبژێردراون، لە ڕێگەی ئامرازی چاوپێكەوتن لە جۆری نیمچە كراوە و ئامرازی تێبینیكردن داتاكان كۆكراونەتەوە. گرنگترین ئەو ئەنجامەی لەم توێژینەوەدا دەركەوتووە بریتیە لە: ڕەوشی خزمەتگوزاریە پەروەردەیی و كۆمەڵایەتیەكان لە ڕوانگەیی مامۆستایان و توێژەرانی كۆمەڵایەتیدا لەئاستی پێویستدا نیە. گرنگیترین ئەو ڕاسپاردە لەم توێژینەوەدا خراوەتەڕوو؛ ئاراستەی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی كراوە؛ بریتیە لە دانانی پسپۆر لە بوارە جیاوازەكانی(دەروونی، مامۆستای پەروەردەی تایبەت، چارەسازی سروشتی، پسپۆر لەبواری ڕاهێنانی زمان و ئاخاوتن) لە پەیمانگەی ئاوات لە ناوەندی شاری هەولێر. گرنگترین پێشنیاز بۆ توێژینەوەكانی داهاتوو بریتیە لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی بەراوردكاری لەنێوان پەیمانگە میری و نا میرییەكان دەربارەی ئاستی پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریەكان بە منداڵی دواكەوتووی ژیری.

**كلیلە وشەكان**: منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، دواكەوتووی ژیری، خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی ، خزمەتگوزاری فێركاری.

## 1.پێشەكی

ڕادەی پێشكەوتنی هەر كۆمەڵگەیەك لەسەر ئاستی ئەو گرنگی پێدانە پێوانە دەكرێت كە بە كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدرێت، چونكە ئەم جۆرە كەسانە لەناو كۆمەڵگەدا زیاتر ڕووبەڕووی گرفتی جیاواز دەبنەوە، ئاستەنگیەكانی بەردەم ژیانیان بە بەراورد بە خەڵكی ئاسایی دیكە زۆرترە. لەگەڵ ئەوەدا جارنامە نێودەوڵەتیەكان و هەوڵەكانیووڵاتانی پێشكەوتوو و كەسانی بەرگریكار بەم پرسە دەرفەتی پەرەسەندنی خزمەتگوزاری و چاودێری كردنیانی زیادكردووە، بەڵام گرفتی ئەو كەسانە بەردەوام نێوەندەكانی فراوانتر دەبێت، بەشێوەیەك كە سوودمەندان لە خزمەتگوزاری و پێداویستیەكانیاندا، بە بەراورد بە زۆری ژمارە و ڕێژەی كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە كۆمەڵگەدا لە ئاست پێویست نیە. لەبەرئەوە گرنگیپێدان و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بە كەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت تەنها بە چەمكی مرۆڤ بوونەوە نابەسترێتەوە؛ كە بنەمای چاكەخوازی و هاوسۆز بوونی مرۆڤە بۆ هاوچەشنەكەی؛ بەڵكو بە ئامانجی گەشەپێدان و بەهێزكردنی توانا مرۆییە نەبینراو، وزە لەكاركەوتوەكانی ئەو كەسانە و گۆڕینی بۆ وزەی بەرهەمهێن تێدەكۆشێت. بەهەمان شێوە پرسی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە نێویشیاندا منداڵانی دواكەوتووی ژیری زیاتر بۆتە جێگەی سەرنج و بایەخی بەشێكی زۆری پسپۆڕان لە بوارە جیاوازەكان، بەتایبەتی پرسی چۆنیەتیی چاودێریكردن و دەستەبەركردنی خزمەتگوزاریەكان، بەو پێیەی خزمەتگوزاریەكان بۆ منداڵی دواكەوتووی ژیری فرە ڕەهەندن و بابەتی جۆراوجۆر دەگرێتەوە، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا زیاتر گرنگی پێدراوە بریتیە لە خزمەتگوزاری پەروەردە و

فێرکاری و کۆمەڵایەتیەکانە، لە ڕوانگەی ئەوەی ئەم منداڵانەش وەکو منداڵانی ئاسایی دیکە هەمان ماف و پێداویستیان هەیە، پێویستە هەوڵی بەدیهێنانیان بدرێت. هەروەک لە بەندی 23 جاڕنامەی مافەکانی منداڵ و جاڕنامەی کەسانی خاوەن پێداویستی بەندی 7 تایبەت بەمنداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت هاتووە و ئاماژە بەوە دەکات، منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت مافی ئەوەیان هەیە چێژ لە ژیانێکی تەواو شایستە ببینن، بە شێوەیەک کە ژیانێکی شکۆمەندانەیان بۆ دابین بکرێت، ڕادەی پشت بەخۆبەستن و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی بۆ مسۆگەر بکرێت. وەک دەبینرێت شێوازی گرنگیپێدان پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە منداڵانی دواکەوتووی ژیری لە وڵاتانی پێشکەوتوو جۆراوجۆرن، بەشێکیان لە نێو پەیمانگە و سەنتەرە تایبەتیەکان؛ یاخود قوتابخانە ئاساییەکان یاخود لە ئاستی خێزان و دامەزراوەی دیکە پێشکەش دەکرێت، و هەوڵی زۆر بۆ ڕێکخستنی ژینگەی منداڵی دواکەوتووی ژیری دەدرێت، بە جۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ جۆری گرفت و تواناکان و پێداویستیەکانی ئەو منداڵانە. بەڵام ئەوەی دەبینرێت ئاستی پێشکەشی کردنی خزمەتگوزاریەکان لە دامەزراوە میریەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ منداڵانی دواکەوتووی ژیری سنوردارە؛ تەنها لە چوارچێوەی چەند پەیمانگەیەکی تایبەت لە شارەکاندا کۆبۆتەوە; لە چوارچێوەی ئەو پەیمانگەیانەدا خزمەتگواریە فێرکاریەکان یەکێکن لەو

لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی باشترین خزمەتگوزاریەکان. سەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرینگەی دەگێڕێت لە نەهێشتنی تێڕوانینە نەرێنیەکان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە؛ بە تایبەتمەندی ئەو کەسانە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

## 2.چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### 1.2.گرفتی توێژینەوە:

بوونی منداڵێکی خاوەن پیداویستی تایبەت لە ناو خیزاندا، کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایتی، دەروونی، ئابوری لەناو خێزاندا دروست دەکات. بەتایبەتی لە سیستەمێکی سیاسی ناتەندروستدا کە چاودێری کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لە ئاست داخوازی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت نەبێت. منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت وەک هەر منداڵێکی ئاسایی دیکە، کۆمەڵێک پێداویستی بگرە زیاتریشی هەیە، لەبەر ئەوە زۆربەی کات ئەرکی دابینکردنی ئەو پێداویستیانە تەنها بە خێزان دەستەبەر ناکرێت، بۆیە خێزان توشی کۆمەڵێک بەربەست و تەنگەژە دەکات. سەرەڕای نەبوونی سیستەمێکی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، ئابووری،تەندروستی و پەروەردەی تایبەت بۆ ئەو منداڵانە و خێزانەکانیان، توانستی خۆگونجان و زاڵبوون بەسەر ئەم پەژارەو ڕووداوەی لاواز کردووە. بەڵام لەکاتی ئێستادا بەهۆی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان؛ نەبونی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی گونجاو، دەستەبەرکردنی مافەکانیان و چاودێریی کردنی ئەو منداڵانە لە ژێر پرسیاردایە. ڕۆژانە شاهێدی گرفتی چەندین خێزانی لەم جۆرەین کە بەهۆی نەبوونی سەنتەر و شوێنی تایبەت بە چاودێریکردنیان بەدەست ئەم گرفتە دەناڵێن. کەمی خزمەتگوزاریەکان لە دام و دەزگا حکومیەکان یان نەبونی دامەزراوەی تایبەت بە هەموو جۆر و حاڵەتەکان، خێزانانەکان ناچار دەکات پەنا بۆ سەنتەرە تایبەتەکان ببەن، زۆر جار لەم سەنتەرانە لەبەر گرانی نرخیان ناچار دەبن دەستبەرداری چارەسەری منداڵەکانیان ببن؛ دۆخی تەندروستی و ژیری و کۆمەڵایتیان پشتگوێ بخەن. وەک دەبینرێت دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خاوەن پێداویستە تایبەتیەکان، زۆرجار پشت بە کاری خێرخوازی پچڕپچڕی پڕ کەموکوڕتی دەبەسترێت. لەبەرئەوە بەشێک لەم خێزانانە هەندێکجار بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی منداڵەکانیان پەنا بۆ دام و دەزگا میدیا و ڕاگەیاندنەکان دەبەن، بە ئامانجی بەدەنگەوە هاتی خەڵکی و بەخشینی هاوکاری ماددی بۆ منداڵەکانیان. بەڵام دەزگا ڕاگەیاندنەکان دوور لە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، بۆ بەرژەوەندی خۆیان و زیادبوونی ژمارەی بینەرانیان، گوێنادەن بە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی بارودۆخی ژیانیان، وێنە و تەواوی وردەکاری ژیانی منداڵەکە و خێزانەکانیان دەخەنە بەرچاو. هەوڵی گریاندن و بەلاواز پیشاندانیان لەسەر شاشە و دەزگاکانیان پیشان دەدەن، شکۆو بەهای مرۆڤ بونیان دەشکێنن. بۆئەوەی کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی خەڵکی دروست بکەن، لەکۆتایشدا پشتگیری دارایی بۆ پێداویستی ئەم منداڵە دەستەبەر بکەن. بۆیە گرفت لە ڕۆڵی دەزگا خزمەتگوزاریەکانی میری و سپاردنی ئەرکە سەرەکیەکەی خۆی بە لایەنی دیکەدا، دەرفەتی ڕەخساندوە کۆمەڵێک کار لەژێر ناوی کاری خێرخوازی و حیزبی، بەشێوەیەکی نازانستی و بەبێ سەرپەرشتیکردنی کەسانی پسپۆر و ئەنجامبدرێت و لە ئەنجامدا خزمەتگوزاریەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەهەمووان نەگات.

**2.2.گرنگی توێژینەوە:**

گرنگیدان بە منداڵانی دواکەوتوی ژیری و توێژینەوە کردن لەسەر بارودۆخیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگە و پەیمانگاکانی تایبەت بە چاودێری کردنیان ئەرکێکی گرنگە، کەسانی بەرپرس بەم گرفتەیی لێ ئاگادار بکرێتەوە، بە ئامانجی باشترکردنی بارودۆخ و ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و چاودێری تەندروستیان هەنگاوی سودمەندانە بنرێت. گرنگی توێژینەوە بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەل ئەو گرنگی پێدانە جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانە یەکدەگرێتەوە کە لە پێناو بەهای مرۆڤ بوون و دابینکردنی تەواوی پێداویستیەکان بۆ ئەم کەسانە تێدەکۆشن، گرنگی پێدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بووە هۆی دروست بوونی چەندان یاسای گرنگ لەناویشیاندا (جاڕنامەی مافی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت) لەساڵی ٢٠٠٨ چوەتە بواری جێبەجکردنەوە. لە ماددەی حەوتەمی ئەو جارنامەیەدا باسی منداڵانی خاوەن پێداویستی دەکات و جەختدەکاتە سەر دەوڵەت و حکومەتەکان بۆ چاودێری و پاراستنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ دڵنیابوون لە هێنانەدی تەواوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان و باشترین بەرژەوەندی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەسەربنەمای یەکەسانی لەگەڵ منداڵانی ئاسایی (UN,General Assembly,Declaration on the Rights of disabled persons,2007,p7).

لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە زۆرترین توێژینەوەی زانستی دەربارەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کێشەکانیان ئەنجامدراوە، توێژینەوە زانستیەکان هۆکار بوونە بۆ ئەوەی ڕەوتی ژیان و تێڕوانینە نەرێنیەکان سەبارەت بە توێژی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆمەڵگاکان گۆڕانکاری بەسەردابێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەم منداڵانە دەکرێت هۆکار بێت و گۆڕانکاری بهێنێتە کایەوە لە هەموو لایەنەکانی ژیانیانەوە. هەروەها خراپی بارودۆخی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و نەبوونی داتای ڕاست و دروست و کەمی توێژینەوەی زانستی دەربارەی منداڵانی داواکەوتوی ژیری بە تایبەتی لە ڕووی خزمەتگوزاریەکانەوە، کە بارودۆخی ژیانیان و کێشەکانیان بخاتە بەرچاو بەشێوەیەکی بەرچاو ئەنجام نەدراوە. خزمەتگوزاریەکان بۆ منداڵانی دواکەوتووی ژیری پرسێکی گرنگە بە پێی پێویست نەخراوەتەوە بەرباس، کۆمەڵێک بابەت دەگرێتەخۆ پێویستە تیشکیان بخرێتە سەر و توێژینەوەی زانستییان لەسەر ئەنجامبدرێ.

**2.3.ئامانجی توێژینەوە**

_ دەرخستنی چۆنیەتی خزمەتگوزارییە پەروەردەی و فێرکاریەکان لە ڕوانگەی مامۆستا و توێژەرانی کۆمەڵایەتی پەیمانگەی ئاوات، لە ناوەندی شاری هەولێردا.

_ دەرخستنی ڕەوشی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیە لە ڕوانگەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی پەیمانگەی ئاوات، لە ناوەندی شاری هەولێردا.

**2.4چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک چەمک و زاراوە لە خۆدەگرێت کە بریتین لە (منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت،منداڵانی دواکەوتویی ژیری،خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و فێرکردن).

**2.4.1منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت**

**پێناسەی منداڵ:** لەڕووی یاسایی و بەپێی ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ(1989)، هەر کەسێک تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێ نەپەڕێت بەمەرجێ یاسای وڵاتەکەی جۆرێکی تر نەڵێت بەمنداڵ دادەنرێت (general Assembly,1989.p2). منداڵ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە لە پرۆسەی ئامادەکردن و گەورەکردنیدا، بەهۆی تەواو پێنەگەیشتنی لایەنی دەروونی و جەستەیی، پشتبەستنیان بە ئەوانی دیکە، دەبێت لە هەموو ئەو شتانە بپارێزرێت کە هەڕەشە لە منداڵیبونی دەکەن (لعیبي و وتوت،2013،ص234).

**پێناسەی خاوەن پێداویستی تایبەت** :چەمکێکی تازەیە توێژەران و کەسانی پسپۆڕ لە بواری کاری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی لەبری وشەی کەمئەندام بەکاریدەهێنن. بۆ یەکمجار بە شێوەیەکی فەرمی وشەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆنفرانسی 'سلمنکا' لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان "یونسکۆ" لە ساڵی '1994' ئاماژەی پێکراوە جێگەی وشەی 'کەمئەندام و پەککەوتە'ی گرتۆتەوە (النواصرە،2006،لا:22). پێناسەی خاوەن پێداویست تایبەت: ئەو زاراوەیە کە پسپۆڕان لەسەری ڕێکەوتوون بۆ ناونان و وەسفکردنی ئەو کەسانەی بەهۆی کەموکورتی ژیری و هەستی و جەستەیەکانیان، ناتوانن ژیانێکی ئاسایی، بەبێ چاودێریکردنێکی تایبەتی کەسانی دیکە بەسەرببەن (الغامدی و احمد،2020،لا:10).

**پێناسەی منداڵی خاوەن پیداویستی تایبەت:** ئەو چینە لە منداڵان دەگرێتەوە کە لادانێکی ئاشکرایان تێدا هەست پێدەکرێت لە گەشەی هۆشی، جەستەیی، هەستی، هەڵچون، جوڵە و زمانەوانیان بە بەراورد لەگەڵ تێکڕای گشتی منداڵانی ئاسای دیکە. کە پێویستیان بە چاودێریەکی تایبەت هەیە لە لایەن فێرکارانەوە. لە ڕێگای دەستنیشان کردن و دانانی بەرنامەیەکی پەروەردەیی گونجاو وە هەڵبژاردنی باشترین ڕێگای فێرکاری بۆیان (القمش و المعایطة،2014لا:17). منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت "ئەو منداڵانەن کە پێویستیان بە پەروەردەیەی تایبەت و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن تەواوی توانا مرۆییەکانی خۆیان بەکاربێنن. ئەوان پێویستیان بە پەروەردەیەکی تایبەتە چونکە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە ڕویەک یان زیاتر لە زۆربەی منداڵانی دیکە جیاوازن(Hallahan,Kauffman,2006 ,p6) .

**2.4.2پێناسەی دواکەوتووی ژیری**

_ کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ دواکەوتنی ژیری لەساڵی 2002 (American Association on Mental_Retardation) بەم شێوەیە پێناسەی دواکەوتووی ژیری دەکات بەوەی کەمکورتیەکی ئاشکرایە و کۆسپ لە هەردوو بواری کاری مێشک و ڕەفتاری گونجاندن (intellectual function and adaptive behavior) لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، پیشەیی و تێگەیشتندا دروست دەکات، کە لەسەرەتای قۆناغی گەشەکردن، پێش تەمەنی 18 ساڵیدا سەرهەڵدەدات.(Hallahan,Kauffman,2006,135)

_ یاسای فێرکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت (Individuals with Disabilities Education Act) پێناسەی کەسانی دواکەووتوی ژیری دەکات بەوەی کەسانێکن بە شێوەیەکی بەرچاو تێکڕای فرمانی گشتی مێشکیان لەباری ئاسایی نزمترە، لاوازی توانستی گونجانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارەکانیان لە سەرەتای قۆناغی گەشەکردندا هەستی پیدەکرێت، کاریگەری نەرێنی لەسەر توانای فێربونی ئەو کەسەدا بەجێدەهێڵێت (Heward,Alber morgan, Konrad,2017,109).

**2.4.3پێناسەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی:**

-پێناسەی ولیەم هیدسۆن ( William Hadson 1925) بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بە پێناسە سەرەتاییەکانی ئەم چەمکە دادەنرێت، پێناسەی ئەم پیشەیە دەکات بەوەی " خزمەتگوزاریەکی هونەرییە لەسەر بنەمای زانست و کارامەیی، بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکان لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکاندا, هەوڵدەدات یارمەتی تاک و خێزان بدات، لەلایەکی ترەوە بە پێی توانا کاردەکات بۆ لابردنی ئەو بەربەستانە کە بوونە ڕێگر لە بەردەم تاکەکان بۆ وەبەرهێنانی ئەوپەڕی توانایان(المعایطة ئەوانی تر،2017،لا17).

_ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سالی 1960 پێناسەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کردوە، بەوەی "بریتیە لە چالاکیەکی ڕیکخراو، ئامانجی بەدیهێنانی خۆگونجانیکی ئالوگۆرە لە نیوان تاکەکان و ژینگە کۆمەلاییەتیەکەدا، یاخود ئەو هەولانەیە کە دەدرێت بۆ گونجاندنی تاك لەگەڵ خۆی و ئەو گروپەی تێیدا دەژی" (علام وعطیة,1985،لا:95).

**2.4.4.پێناسەی خزمەتگوازری فێرکردن**

پێناسەی خزمەتگوزاری فێرکردن بریتیە لە فێرکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەیەکی ئەکادیمی؛ بە گوێرەی توانا و ڕێژەی گرفتە جەستەیی و ژیریەکانیان، کارامەیە ئەکادیمی و کۆمەڵایەتیەکانی وەک نوسین، خوێندنەوە، ژماردن

و چالاکیەکانی ژیانی ڕۆژانە فێربکرێن. ئەم پرۆسەیەش دەکرێت لە پەیمانگەی تایبەب بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت یاخود لە پۆلە تایبەتیەکانی قوتابخانە ئاساییەکان یاخود لە قوتابخانەکان لەگەڵ منداڵی ئاسایی بەرێوە بچێت(عبید،2000،20).

**2.چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە**

**3.1.مێژووی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و هۆکاری سەرهەڵدانی**

خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی مێژوویەکی نوێ ی هەیە، لە ماوەی ساڵەکانی ڕابردوو گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لە چەمکە هاوچەرخەکەیدا پیشەیەکی تایبەتمەندە و چوارچێوەی هونەری و ڕێسای زانستی تایبەت بە خۆی هەیە. هەرچەندە بنچینە سەرەتاییەکانی دەگەرێتەوە بۆ پاڵنەرە ئاینی ومرۆییەکان، لەسەر بنەمایی یارمەتیدانی کەسانی لاوازو کەم دەرامەت بە ئامانجی زاڵبون بەسەر گرفت و پرکردنەوەی پێداویستیە مرۆییەکان دەرکەوتووە (البطریق،1958،لا55).

خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان بەشێوەیەکی پیشەی و زانستی نەناسێندرا بوو، ئەوەی هەبوو بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان، هەوڵی پەرتەوازە بوون لەلایەن کەسانی نا پسپۆڕ ئەنجامدەدران. لە ئەنجامی دروستبوونی کۆمەڵێک کێشەی کەڵکە بووی  یەک لە دوای یەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا سەریهەڵدا، گرنگترین ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی ڕۆڵیان هەبوو لەوەی خزمەتگوزاری وەک پیشەیەکی هاوچەرخ سەرهەڵبدات، بریتی بووە لە :

ئەو توێژینەوە کۆمەڵایەتیانەی کە لە لایەن چاکسازە کۆمەڵایەتیەکان لە ئینگلتەراو ئەمریکا دەربارەی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجامدەدرا، گەیشتن بەو ئەنجامەی کە دەبێت پسپۆریەتی و قووڵی لە شیکردنەوەدا لە کێشەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا هەبێت. ئەمەش وایکرد تایبەتمەندێتی تاک و هۆکاری جیاواز بۆ کێشەکان لە کەسێکە بۆ کەسێکی تردا بە ئاشکرا دەربکەوێت (علام و عطیة،1985،لا:102).

_سەرهەڵدانی هزرە کۆمەڵایەتیەکان و بەشدارە دیارەکانیان لەم قۆناغەدا، بە تایبەتی  سەبارەت بە پەیوەندی تاک بە کۆمەڵگەکەی و بەرپرسیارەتی کۆمەڵگەش بەرامبەر بە ئەندامەکانی دەخستەڕوو (احمد،1979،لا:121).

- جگە لەمانەش هەستکردنی کۆمەڵگە بە شکستی هەوڵە خۆبەخشی و چارەسەرکردنە نازانستیانەی کە بۆ کێشەکانی ئەو سەردەمە دەگیرانەبەر؛ دروستبوونی دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی نوێ وەک دامەزراوەی منداڵانی بێ دایک و باوک، دامەزراوەی نەخۆشیە هزری و دواکەووتی هزریەکان و چەندانی دیکە، کارکردنیان لەم بوارە جیاوازانەدا  پیشەیەکی زانستی وەکو خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی گەشەی کرد. لە کۆتایدا پایەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پتەوتر بوون، گرنگی و پێگە و قەوارەیەکی سەربەخۆی لە نێو پیشەکانی تردا بۆ دروستبوو(البطریق،1958،لا:53).

زۆربەی پسپۆران هاوڕان لەسەر ئەوەی سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا و ئەمریکا بۆ "کۆمەڵەی ڕێکخستنی چاکەکاری "Charity Organization society" دەگەرێتەوە کە لە ساڵی (1869) لە ئینگلتەرا و لە ساڵی (1877) لە ئەمریکا وەک ڕێکخراوێکی  خێرخوازی سەریهەڵدوە. سەرەتا ئامانجی سەرەکی ئەم کۆمەڵە ڕێکخستنی کاری خێرخوازی بووە، لە ڕێگەی هاوڕێی میوان "Friendship Visitors" سەردانی کەسانی هەژار دەکران و یارمەتیان دەدرا. هەرچەندە ئەم کارە خێرخوازیانە لە لایەن ئایدۆلۆژییای سیاسی کۆنەپەرستانەی ئەو سەردەمە پەکی خرا، بەڵام دواتر لە ساڵەکانی (1903) دەستکرا بە ڕاهێنان و مەشقپێکردنی پسپۆرانی کۆمەڵایەتی لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی لەندەن. هەر لە هەمان ساڵیشدا لە ئینگلتەرا و ئەمریکا  خانووی نیشتەجێبون " Settlement House" دامەزرا. ئەو ڕێکخراوانە بوون کە خزمەتگوزاری جۆراوجۆریان پێشکەش بە هەژاران دەکرد؛ خەڵکانی هەژار بۆ داواکردنی مافەکانیان هاندەدا (Engelbrecht,1999,p:13).

**2.3.خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت:**

بۆ بەرەنگاربونەوەی سەختیەکانی ژیان و گرفتە جیاوازەکان، تاکو بتوانرێت تاکەکان ڕۆڵ و ئەرکەکانیان بە باشی بەجێبگەیەنن، پێویستیان بە یارمەتی پسپۆڕانی پیشەیی دەبێت، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیش وەک پیشەیەکی مرۆڤایەتی Human Profession هەوڵدەدات یارمەتی تاک و گرووپ و کۆمەڵگە بدات. کار بۆ گۆڕینی هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و ناساندنیان وەک توێژێکی مرۆیی لە کۆمەڵگەدا دەکات، کە  مافی ژیانێکی شکۆمەندیان هەیە، پێویستە وەکو کەسانی ئاسایی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت؛ کە هەمان ماف و ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەیە. لە ڕوانگەی تواناکانیان نەوەک گرفتەکانیانەوە سەیریان بکرێن. هەروەها هەوڵی هۆشیار کردنەوەی ڕای گشتی بە گرفتەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەڕێگەی دەزگەی میدیایی بیستراو، بینراو و نوسراوەکانەوە دەدات، هەوڵدەدات هانی

خەڵکی بدات لە پەسندکردنیان و لەهەمانکاتدا مامەڵەیەکی مرۆڤانەیان بەرامبەر بەکاربهێنن. جگە لەوەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ پسپۆڕیەکانی تر کاردەکات؛ بە ئامانجی سنوردارکرنی زیانەکانی کەمئەندامی، لە ڕێگەی زوو دەستنیشانکردن و یارمەتیدانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدات، شێوازەکانی خۆپارێزی لە ڕووی دەروونی، کۆمەڵایەتی و تەندروستیەوە دابیندەکات. هانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیەکان دەدات، تاکو لەم ڕێگەیەدا گرفتەکانیان چارەسەر بکرێت. جگە لە گرنگیدان بە بەستنی کۆنگرەی زانستی کە گفتوگۆ دەربارەی پێداویستی و گرفتەکانی کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت دەکات. بەژداری لە ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندنی گونجاو بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت چ لە پۆلی تایبەت یاخود لە قوتابخانەی تایبەتیەکان دەکات. خزمەتگوزاری شیاندنی پیشەیی بە گوێرەی توانای کەسەکە ئامادە دەکات، هەوڵی دەرفەتی خستنە سەرکاریان بۆ دەڕەخسێنێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە؛ لەڕێگەی داڕشتنی ڕێنمای و یاساکان، بەرژەوەندی و مافەکانیان لە بواری کار و ژیانی گشتی دەپارێزرێت (السروجی،أبوالمعاطي،2009، 319).

**3.3.مێژووی خزمەتگوزاری پەروەردەیی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت**

ئاراستەی گرنگیپێدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە گشتی و کەسانی دواکەوتووی ژیری بە تایبەتی بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوە، لەسەرەتای چاخە کۆنەکاندا کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت مامەڵەی نا مرۆڤانەیان لەگەڵ دەکرا، بە نەویستراو و بێزلێکراو لە لایەن خەڵکی سەیر دەکران، وەک هۆکارێک بۆ هێنانی نەهامەتی بۆ خەڵکی لێکدەدرانەوە، هەوڵیاندەدا بە ئەوپەڕی دڕندانەوە کۆتاییان پێبهێنن لەهەموو ماف و دەستکەوتەکان بێبەری دەکران. وەکو ئەوەی ئەفلاتون داوای دەکرد ئەم کەسانە لە کۆمەڵگە دووربخرێنەوە و ژیانیان لێبسێنرێتەوە، بە بیانوی ئەوەی دەوڵەت پێویستی بەکەسانی بەهێز و زیرەک هەیە بۆ مانەوەی نەوەک کەسانی بێ هێز لە جەستە و ژیریدا. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بە هەمان شێوە ڕوانین بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی ڕوانینێکی دواکەووتوانە و پێشێڵکارانە بوو لە هەمبەر مافەکانیادا، مامەڵەی نا دروستی کڵێسا و پیاوانی ئاینی و بڕیاری زیندانیکردن و ئازاردانیان بەسەر دەچەسپاندن، داوایان لە خەڵکی دەکرد خۆیان بە دووربگرن لە یارمەتیدان و پشتگیریکردنیان چونکە وا بیردەکرایەوە پڕن لە هێزی خراپە و مەترسین بۆ کۆمەڵگە (الزعبی و العواملة،2000،لا:18,15). بەڵام سەرەتای گرنگیدان بە کەسانی دواکەوتووی ژیری بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و کارەکانی (جان مارک گاسپارد ئیتارد 1774-1838) دەگەڕێتەوە. هەوڵەکانی لەگەڵ ڤیکتۆر ئەو منداڵەی کە لەلایەن ڕاوکەرێک لە دارستانی ئەڤیرۆنی باشووری فەرنسا دۆزرایەوە، هەوڵیدا بە شێوەیەکی سیستەماتیکی پەروەردەی بکات؛ پێیوابوو ئەم منداڵە قوربانی بێبەشبوونی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە؛ گەیشت بەو بیرۆکەیەی کە کەسانی دواکەوتووی ژیری توانای فێربوونیان هەیە، هەرچەندە بەربەست هەبێت. هەر بەهۆی ئەم کارەیەوە نازناوی باوکی پەروەردەیی تایبەتی پێدرا. دوای ئیتارد ئیدوارد Edouard Seguin کە ئیلهامی لە مامۆستاکەی ئیتارد وەرگرت؛ بەهۆی باوەڕە ئاینیەکەی بەرگریکارێکی بەهێزبوو بۆ پرسی منداڵانی دواکەوتووی ژیری؛ لە ساڵی 1837یەکەم قوتابخانەی لە پاریس دامەزراند بۆ پەروەردەکردنی ئەم منداڵانە، بەڵام بە هۆی ئاژاوە سیاسیەکانی ئەوکاتەی فەڕەنسا لە ساڵی 1848 کۆچی کرد بۆ ئەمەریکا، لەوێدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دامەزراندنی خانەی نیشتەجێبوون بۆ کەسانی دواکەوتووی ژیری و بەیەکەم سەرۆکی کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ دواکەوتووی ژیری دادەنرێت(خلیفة و عیسی،2015، لا81). دواتر لە سەدەی بیستەم قۆناغێکی هاوچەرخ و سەرەتایەکی ڕاستەقینە بۆ چاودێریکردن و گرنگیدان بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەستپێکرد، بەدیاریکراوی دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەو ژمارەیە زۆرەی خەڵکی بە هۆکاری ئەو جەنگانە کەمئەندام بوون، لە لایەکی ترەوە، شۆڕەشە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو سەرکەوتنانەی بواری پزیشکی، دەروونی، زانستی بۆماوەیی و زانستە کۆمەڵایەتیەکان سەبارەت بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت پێیگەیشتن ڕۆڵیان هەبوو لە گرنگیپێدانی زیاتر بەم چینە و دەرخستنی ئەو ستەمە زۆرەی بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو لە ژێر دروشم و ناوی جیاواز بەرامبەریان ئەنجامدەدرا. سەرەڕای ئەمەش ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی1945 ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئاراستەی گرنگیپێدان بە ژیانیان و گوزەرانی ئەم چینە بەرەو قۆناغیکی نوێ هەنگاوینا (یوسف،2005،لا:19,20,21). لەم سەردەمەدا دامەزراوەی گەورە بۆ کەسانی دواکەوتووی ژیری دروستکران کە زۆر قەرەباڵغ و گرفتی کەمی کارمەند لەم دامەزراوانە هەبوون، بە تێپەڕبوونی کات ڕۆڵی ئەم دامەزراوانە لە پەروەردە و شیاندن گۆڕدرا بە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی دابڕاو لە کۆمەڵگە؛ وەک کۆگایەک بۆ کۆکردنەوەی هاووڵاتیە نەویستراوەکان (کەسانی دواکەوتووی ژیری) سەیردەکران. بارودۆخی خراپی خانەکانی نیشتەجێبوون بووە هۆی ئەوەی هەردوو توێژەر " Blatt and

"Kaplan" لەساڵی 1966 وتارێک لەسەر بارودۆخی دامەزراوەکانی نیشتەجێبوون و دەستدرێژیکردنە سەر مرۆڤ لە دامەزراوەکانی دەوڵەت بنوسن و وێنەی لێبگرن بە ناوی "Christmas in Purgatory" بڵاوکرایەوە. لە دوای ئەمەوە بانگەوازێکی بەرچاو بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئەم کەسانە دەدرا؛ چەمکی ئاسایکردنەوە و دەرهێنان لە دەمەزراوەکان(Normative و Deinstitutionalization ) لە ساڵی حەفتاکاندا لە ئەمریکا لەلایەن" وۆلفێنسبێرگەر Wolfensberger" سەریهەڵدا؛ پرەنسیپێکە داکۆکی دەکات لەوەی کەسانی دواکەوتووی ژیری لە هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا تا ئەوپەڕی توانا دەبێت تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێن و لە دامەزراوە تایبەتیەکانیان دەربهێنرێت، ئەم بیروباوەڕانە یارمەتی دەربوون لە دەستپێکردنی جوڵانەوەکانی ساڵی1970، کە داوای دەستەبەرکردنی زیاتری خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵگە بۆ کەسانی دواکەوتووی ژیری دەکران ( Gargiulo and Bouck,2018, P: 442). لەم سەردەمەدا زۆرێک لە وڵاتان ڕێگەیان نەدەدا ئەم منداڵانە لە قوتابخانە ئاساییەکاندا بخوێنن. بەڵام لە ژێر هەوڵەکانی توێژەران و کەسانی بەرگریکار بەم پرسە هەوڵدرا چارەسەرێک بۆ گرفتی خوێندنی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێت؛ لە ڕێگەی دەرچوونی یاسای جۆراوجۆر لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە مەدەنیەکانی ئەم کەسانە. لەسەر ئەم بنەمایە لەساڵی 1975 کۆنگرێسی ئەمریکی بۆ یەکەمجار بە پێویستی زانی یاسایەکی فیدراڵی ژمارە 94-(142) تایبەت بە فێرکردنی قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت دەربکات. لەم یاسایەدا هەموو جۆر و ئەو گروپە خاوەن پێداویستیە تایبەتیانە دیاریکران کە شیاوی پەروەردەی تایبەتن؛ منداڵانی دواکەوتووی ژیری لەنێو ئەم یاسایەدا ئاماژەیان پێکراوە، لەهەمان کاتدا مافی دایک و باوکانیشی گرتۆتە بەرچاو ئەگەر هاتوو ڕەزامەند نەبن لەخزمەتگوزاریە پەروەردەیەکان. ئەم یاسایە سەرەتا لە ژێر ناوی 'فێربوون بۆ هەموو منداڵێکی پەککەوتە ' The Education for All Handicapped Children Act'' بوو، بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو ئەم یاسایە چەندین جار هەموار کراوەتەوە؛ بەجۆرێک لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەک تێیدا بنەما سەرەکیەکانی بە جێگیری ماونەتەوە و لە هەمانکاتدا مەودای یاساکە فراوانتر کراوەتەوە و برگەکانی ڕوونکراوەتەوە، بە نموونە لەساڵی 1990ناوی یاساکە گۆڕدرا بۆ یاسای فێرکردنی کەسانی کەمئەندام " The Individuals with Disabilities Education Act". هەروەها برگەیەک لەم یاسایە پەیوەندیدار بە منداڵی تازە لە دایک بووی خاوەن پێداویستی تایبەت تا تەمەنی پێنج ساڵی بۆ زیادکرا. جگە لە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی ئەو قوتابیە خاوەن پێداویستیە تایبەتیانە کە لە دوای خوێندنی ئامادەیی ئامادە دەکرێن بۆ دەستکەوتنی کار. کۆتا هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە لە ساڵی 2004 واژووی لەسەرکراوە، کە جەخت لەسەر پێشکەوتن و گرنگپێدانی زیاتر بە پەروەردەی تایبەت دەکات .(Friend and Bursuck,2012,p: 9,7)

**4.3.شێوازی فێرکردنی منداڵانی دواکەوتووی ژیری**

پرۆگرامی خوێندن لە پەروەردەی گشتیدا جیاوازە لە پرۆگرامی پەروەردەی تایبەتی، پرۆگرام بۆ خەڵکی ئاسایی پێش وەختە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە دادەنرێت، کە گونجاوە لەگەڵ قۆناغەکانی قوتابخانە و تەمەنی منداڵەکان، بەڵام پرۆگرام بۆ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت ناتوانرێت پێشوەختە دابنرێت، چونکە پرۆگرام بۆ هەر منداڵێکی دواکەوتووی ژیری بەشێوەیەکی تاکە کەسی دیاریدەکرێت، ڕەچاوی جیاوازییە کەسیەکان و تواناکانیان دەکرێت، بە گوێرەی چەند پێوەرێکی وەک (ماوەی چەند دەخایەنێت، توانای وەڵامدانەوەی منداڵەکە بۆ بابەتەکە چۆنە، سەرەڕای دیاریکردنی ئامانجە درێژخایەنەکان و کورت خایەن و لاوەکیەکان) دادەڕێژرێت. لەکاتی داڕشتنی پرۆگرامی خوێندن بۆ پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت دەبێت ئەو پرسیارانەی خوارەوە ڕەچاوبکرێت: ئەو منداڵانە پێویستە چ فێربکرێن، دەتوانن چ فێرببن، چۆن فێریان بکەین. ئەم پرسیارانە ڕوون و بەیەکەوە بەستراون، بۆیە نائاقڵانەیە کە بڕیاربدەین ئەو منداڵانە چیان فێربکەین بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەو منداڵانە دەتوانن چی فێربن(عبید،2013،263). لەبەرئەوە قوتابخانە و دامەزراوە تایبەتیەکان بەگوێرەی تەمەن و پلەی گەشەی ئەکادیمی منداڵی دواکەوتووی ژیری لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکەوە پرۆگرامی پەروەردەیی و فێرکرن پێشکەش بەم منداڵانە دەکەن (القمش،2011، 122-188).

**4.میتۆدی توێژینەوە و ڕێکارە مەیدانیەکان**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەویەکی وەسفیە، هەوڵدەدات چۆنیەتی ڕەوشی خزمەتگوزاریەکان لە ڕوانگەی مامۆستا و توێژەران دا بخاتە بەرباس. توێژینەوە وەسفیەکان ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە وەسفی گرفتی توێژینەوەکە بە شێوەی چۆنیەتی یاخود

چەندایەتی دەکات (ابو النصر،118،2017). جگە لەمەش توێژینەوەی وەسفی تەنها بە وەسفکردنی دیاردەکان کۆتایی نایەت بەڵکو شیکارکردن و لێکدانەوە، بەراورد و هەڵسەنگاندن، لەوەش زیاتر پێشبینی بۆ داهاتووی دیاردەکان دەکات (بۆکانی،73،2020).

**4.1.میتۆدی توێژینەوە:**

لە دیاریکردنی هەر میتۆدێک سروشت و ئامانجی توێژینەوەکە دیاریدەکات چ جۆرێک لە میتۆد بەکاربهێنرێت، لەبەرئەوەی توێژەر هەوڵدەدات زانیاری وورد و قووڵ دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە بەدەستبهێنێت. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنیەتی بەکارهێناوە، ئەویش ڕێبازێکە لە ڕێگەی بیروبۆچوونی کەسەکان یاخود دەقەکان یا هەڵسوکەوتی تێبینیکراو داتای چۆنیەتی کۆدەکرێتەوە. ئەم میتۆدە لەسەر بنەمای شیکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی وورد وەسفی دیاردەکان دەکات (احجیج و فزة،35،2019). ئەم میتۆدە لە کاتێکدا زیاتر سوودی دەبێت کە زانیاری پێویست لەسەر بارودۆخێک یان دیاردەیەکی دیاریکراودا سنوردارە یاخود بەردەست نیە(Creswell,JohnW.,Creswell,J. and David,2018,p:57). لەهەمانکاتیشدا تێگەیشتنێکی قووڵ و لێکدانەوەیەکی گشتگیر بۆ ئەنجامەکان بەشێوازی ئامار و ژمارە نیە بەڵکو بە ووشە و ڕستەی شیکردنەوەیی ئەنجامەکان دەخاتەڕوو(خلافة،108،2020).

کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە : بە هەموو ئەوانەی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە دەگوترێت کۆمەڵگەی توێژینەوە، واتا ئەو چوارچێوەیەیە کە نموونەی توێژینەوەکەی لێ وەردەگیرێت.

نموونەی توێژینەوە و قەبارەکەی: نموونەی توێژینەوە بریتیە لە نموونەی مەبەستدار کە جۆرێکە لە نموونە نا ئەگەریەکان، لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دەرخستی ڕەوشی خزمەتگوزاریە فێرکاری و کۆمەڵایەتیەکانە کە مامۆستا و تویژەرانی کۆمەڵایەتی بەرپرسن لێی و وەک نموونەی مەبەستداری توێژینەوە هەڵبژێردراون. جگە لەمانەش بە هۆی پابەندبوونی توێژەر بە بنەما ڕەوشتیەکانی توێژینەوە کردن، ناوی مامۆستا و توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاشکرا نەکراوە لە بڕی ناوی هەریەکیان لەکاتی خستنەڕوو و شیکردنەوەی داتاکان ژمارەیەک بەرامبەر ناوەکانیان دانراوە، بۆ نموونە یەکەم مامۆستا کۆدی (م/1) بۆ دانراوە، توێژەری یەکەم کۆدی(ت/1) بۆ بەکارهێنراوە. دەربارەی قەبارەی نموونەکە، بۆ ئەوەی توێژەر زۆرترین زانیاری دەست بکەوێت تێکڕایی مامۆستا و توێژەرانی ئەم پەیمانگەیە کە لە (23) مامۆستا و( 4 )توێژەری کۆمەڵایەتی پێکهاتوون بەژدار بوونە. هەروەک دەزانرێت تایبەتمەندی توێژینەوە چۆنیەتیەکان بە بچووکی قەبارەی سامپڵەکانیان دەناسرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ڕێسایەکی دیاریکراو نیە ڕێنمای بە توێژەران بدات لە هەڵبژاردنی قەبارەیەکی گونجاو لە نموونەی توێژینەوە، قەبارەی نموونەی توێژینەوە پەیوەستە بە جۆری ئەو توێژینەوانەی کە میتۆدی چۆنیەتی دیزاینیان دەکات، بە نموونە لە توێژینەوەی باردا(case study) چوار بۆ پێنج نموونە وەردەگیرێت; لە توێژینەوەی ئیتنۆگرافی نموونەی توێژینەوە لە یەک گرووپی دیاریکراو پێکدێت(Creswell,JohnW.,Creswell,J. David,2018,p:262).

**4.2.ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان:**

کۆکردنەوەی داتاکان وەک زنجیرەیەک لە چالاکی بەیەکەوەبەستراو دادەنرێت. بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری باش بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە بەکاردێت توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری چەند ئامرازێکی بەکارهێناوە:

_ **چاوپێکەوتن:** بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری ورد و قوڵ چاوپێکەوتنی ڕوبەڕوو و تاکە کەسی لەگەڵ مامۆستا و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەسەر بابەتی توێژینەوەکە ئەنجامدراوە. بەشێوەیەکی گشتی چاوپێکەوتن "بریتیە لە سەردانیکردنی توێژەر بۆ لای لێتوێژەران لە ماڵی خۆیدا یاخود شوێنی کارکردنیان. وەک ئاشکرایە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەنجامدەدرێت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە گرفتی توێژینەوەکە هەیە"(ئەبڕاش،411،2013). هەروەها پرسیاری نیمچە کراوە بەکارهێنراوە، لەم جۆرەیاندا لێتوێژەر هاندەدرێت بە قوڵی بۆچوونی لەسەر ئەو بابەتانە دەربڕێت کە توێژینەویان لەسەر دەکرێت. توێژەر خۆی بەدوور دەگرێت لەو پرسیارانەی کە وەڵامەکانیان بە کورتی ئاماژە پێدەکرێت، لە بڕی ئەوە پێویستە ئەو پرسیارانە هەڵبژێردرێن کە پەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکەی هەیە. لەگەڵ ئەوەدا توێژەر هەندێکجار کۆنترۆڵ لەسەر ئاڕاستەی پرسیارەکان و ناوەرۆکەی دەکات؛ بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام لێتوێژەرانیش ئازادن بۆ باسکردن وڕوونکردنەوەی بابەتی نوێ کە توێژەر پرسیاری لەبارەوە نەکردووە بەڵام پەیوەندیدارن بە توێژینەوەکەوە(Given,2008,422). هەروەها گرنگترین تەکنیکەکانی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان لەم توێژینەوە بریتی بووە لەوەی هەموو چاوپێکەتنەکان لەنێو

پەیمانگەی ئاوات لە پۆلەکان و ژووری توێژەران بە شێوەیەکی تاکەکەسی ئەنجامدراون؛ ئەمەش بۆ ئەوەی لێتوێژەر بە ئازادی بیروبۆچوونەکانی خۆی بخاتە بەرباس. تێکڕای چاوپێکەوتنەکان بە مۆبایلی Iphone 8 بە بەرنامەی " Voice Recorder and Audio Editor تۆمار کراون، دواتر توێژەر هەریەکەیانی بە جیا یاداشت کردووە و پاکنووس کراوون. ماوەی چاوپێکەوتنەکان لە نێوان (15) خولەک کەمترینیان؛ درێژتریان (40 )خولەکی خایاندووە.

**ئامرازی تێبینکردن**: بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکان دادەنرێت، بۆ کۆکردنەوەی داتا لە توێژینەوەی چۆنیەتی سوودی لێوەردەگیرێت. ئەم پرۆسەیەش گوزارشت لە چاودێریکردنی ڕەفتارێک یان دیاردەیەک دەکات؛ لە چوارچێوەی مەیدانی لە لایەن توێژەر لەڕێگەی پێنج هەستەکانەوە، بە مەبەستی زانستی لەسەر بنەمای ئامانجەکانی توێژینەوە و پرسیارەکانی ئەنجامدەدرێت. پرۆسەی تێبینیکردن دەکرێت چاودێریکردنی ژینگە فیزیکی و کارلێک وچالاکیەکان و ڕەفتارەکانی لێتوێژەران بێت. دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە تێبینیکردنی هەموو ڕوداوەکان و تۆمارکردنیان کارێکی ئەستەمە، بەڵام سەرەتا دەکرێت بە گشتی سەرنجی بارودۆخەکان بدرێت دواتر دەتوانرێت بە گوێرەی ئامانجی توێژینەوە پرۆسەی تێبینیکردن ئەنجام بدرێت(Creswell,2013,166). لەم توێژینەوەدا توێژەر تێبینی کردنی لە جۆری بەژدارکردن بەکارهێناوە بە شێوازێک سەردانی پۆلەکانی کردووە و تێبینی کاری مامۆستا و شێوازی وانە وتنەوە و ژینگەی فیزیکی پۆلەکان و پەیمانگەی کردووە، سەرەڕای ئەمەش لە کاتی سەردانی کردنی بۆ پەیمانگە دانیشتن لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و تێبینی چۆنیەتی کارو ئەرکەکانی ڕۆژانەیانی کردووە، هەروەها بەهۆی ئەوەی چاوپێکەوتنەکان لەناو پۆلەکاندا ئەنجامدراون توێژەر لەکاتی ئەم پرۆسەیەش تێبینی شێوازی مامەڵەکردنی مامۆستا و چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکان لەگەڵ منداڵەکان کردووە. جگە لەمەش ئامرازی تێبینکردن یارمەتی توێژەری داوە پرسیارەکانی چاوپێکەوتن دابڕێژێت.

**4.3.سنورەکانی توێژینەوە:**

ئاماژە بەو سنورانە دەکات کە توێژەر لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیدا پێوەیان پابەند دەبێت. ئەم توێژینەوەیە لە سێ سنور پێکدێت:

_**سنوری جوگرافی**: ئەم توێژینەوەیە لە پەیمانگەی ئاوات تایبەت بە منداڵانی دواکەوتووی ژیری لە ناوەندی شاری هەولێر ئەنجامدراوە، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامانە ئەویش سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی –هەولێر/ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

_سنورری کاتی ئەو ماوەیەی لایەنی مەیدانی توێژینەوەک تێدا ئەنجامدراوە بریتیە لە6/1/2022 تاکو 1/7/2022.

_ **سنوری مرۆیی**: تێکڕای مامۆستایان و توێژەرانی پەیمانگەی ئاوات، کە لە 23مامۆستا و 4 توێژەری کۆمەڵایەتی پێکهاتوون لەم توێژینەوەدا وەک نموونەی مەبەستدار هەڵبژێردراون.

**5.خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیاریەکان**

**ئامانجی یەکەم:** دەرخستنی چۆنیەتی ڕەوشی خزمەتگوزاریە فێرکاریەکان لە ڕوانگەی مامۆستا و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە پەیمانگەی ئاوات لە ناوەندی شاری هەولێر.

1-**لە ڕوانگەی مامۆستا:** لەم تەوەرە توێژەر ئامانجیەتی بزانێت ئەو خزمەتگوزاریە فێرکاری و پەروەردییانە چیە و چۆنە کە لە پەیمانگەی ئاوات پێشکەشی منداڵانی دواکەوتووی ژیری دەکرێت؟ پرۆگرامێکی گونجاو و ئامراز و کەرستەی پەروەردەیی و فێرکاری بە کۆلەگەی سەرەکی دادەنرێت بۆ ئاراستەکردن و پەروەردەو فێرکردنی ئەم منداڵانە، هەروەها دەرفەتێکە بۆ دۆزینەوەو پەرەپێدان بە توانا و بەهرەکانیان. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەڵساوە بە ئاڕاستەکردنی چەند پرسیارێک لە مامۆستاکان، بە گوێرەی بیروبۆچوون و ئەزموونیان، دەربارەی (پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردن، هەبوونی کەرستە و ئامرازی پێویست بۆ بەڕێوەچونی ئەم پرۆسەیە) هاتونەتەگۆ و سەرنجەکانی خۆیان خستۆتە بەرباس. توێژەر لەم پرسیارەوە دەستی پێکردووە "پرۆگرامە فێرکاری و پەروەردەییەکانی ئەو پەیمانگەیە چۆنە و لە چی پێکدێت؟". بەشێکی زۆر لە مامۆستایان (1,2,3,4,5,7,8,11,12,14,16,17,18,20,21,22,23) پێیانوایە ئەو پرۆگرامە گونجاونییە و مەبەستی پەروەردەو فێرکردنی نەپێکاوە. پێیانوایە پرۆگرام بۆ منداڵانی دواکەوتووی ژیری پێویستە زیاتر بەرجەستە و بینراو و تەرفیهی بێت نەوەک گرنگی زیاتر بە وانەکانی وەک زانست و بیرکاری زمان بدرێت. بەمشێوەییە مامۆستایان

بۆچوونیان خستۆتەڕوو: (م/1) پێیوایە ئەو پرۆگرامەی لە پەیمانگە پشتی پێدەبەسترێت بە گوێرەی پێویست نییە؛ کورتکراوەی پرۆگرامی یەکەمیی بنەڕەتی قوتابخانەی ئاساییە و دەڵێت"نەخێر ئەو پرۆگرامە هیچ سوودێکی نەگەیاندووە بە منداڵەکان ئەگەر سوودی هەبوایە دەبوایە ئەو منداڵانە فێرببان و پێشکەوتبان، ئەو منداڵانە پێویستیان بە پرۆگرامێکی باشە؛ لەلایەکی ترەوە هەوڵ و توانای مامۆستای پێویستە، تاکو باشتر وەڵامدانەوەیان هەبێت. دەبێت کەسانی پسپۆر پرۆگرام دابنێن، بابەتەکان و ئامرازەکان زیاتر بەرجەستە و بینراو بیستراوبن".

یەکێکی دیکە لەمامۆستایان( م/4) پێیوایە " پەیمانگە وەک باخچەی منداڵانە، دەبێت زیاتر بابەتەکان بۆ خۆشی (تەرفیهی) بێت، منداڵەکە ئەگەر زۆر بتوانێت بەرگەی وانە تیۆریەکان بگرێت تەنها پانزە خولەک دەوەستێت دواتر بێزار دەبێت". هەروەها (م/17) دەڵێت" ئاڕادەیەک باشە، ئەگەر پرۆگرامی تایبەت بەو منداڵانە هەبێت باشترە، وانە سەرەکیەکان بیرکاری و زانست و کوردیە، پێمباشە پرۆگرام زیاتر بۆ خۆشی و کەمتر فێرکردن بێت. وانەی وێنە و سرود وەرزشمان هەیە، هۆڵی وەرزشمان هەبوو بەڵام نەماوە. ئەو منداڵانە ئاستی زیرەکیان کەمە هیچ سوودمەند نەبوونە لەم پرۆگرامە ."م/18 ئەویش بەهەمان شێوە بۆچوونی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت"لە پەیمانگەدا پرۆگرامێکی تایبەتمان نییە، دەبێت ئەو منداڵانە پرۆگرامی تایبەتیان هەبێت چونکە مێشکیان وەکو منداڵی ئاسایی نییە، هەمان پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە جێبەجێدەکەین. من وانەی کوردیان پێدەڵێم پەراوی نوسین دەخەمە بەردەستیان، ئەو منداڵەی بزانێت پیتەکان دەنوسێت ئەوانی دیکە تەنها خەت خەت دروست دەکەن؛ بەڵام نەبوونی کەسی پسپۆڕ و خەمخۆر هۆکارە بارودۆخەکە بەمشێوەیە بمێنێتەوە ."

بەشی دووەمی لە مامۆستایان پێیانوایە ئەو پرۆگرامە گرفتی نییە؛ بەڵکو گرفت لە قوتابیەکانە کە ناتوانن فێربن و بابەتەکانیان بیردەچێتەوە. هەروەک م/6,9,15 ئاماژە دەکەن بەوەی "ئەو پرۆگرامە گونجاوە ئێمە ڕۆژانە لەسەری دەڕۆین، بەڵام ئەو منداڵانە فێرنابن گرفت لەژێری منداڵەکانە ئەمرۆ فێردەبن بەیانی بیریان چۆتەوە. لەهەمانکدا سێ لە مامۆستایان/13 , 10،19 بۆچوونەکانیان نزیکە لەیەکەوە پێیانوایە ئەو پرۆگرامە گونجاوە مەبەستی پەروەردەو فێرکردنی پێکاوە، دەڵێن" ئەم پرۆگرامەی لە ژێر دەستی ئێمە دانراوە خراپ نیە کورتکراوەی قوتابخانە بنەڕەتیەکانە، باشە منداڵەکان لێوەی فێردەبن، پێشنیازی هەندێک بابەتی دیکەی بۆ خۆشیمان کردووە بۆی زیادبکرێت، بەگوێرەی ئاستی زیرەکیان منداڵەکان دەتوانن سوودمەند بن". لە کۆی بۆچوونەکانی مامۆستایانی پەیمانگەی ئاوات تەنانەت ئەو مامۆستایانەی لەگەڵ پشتگیری گونجاوی ئەم پرۆگرامەن، ئەوەیان خستۆتەڕوو ئەو پرۆگرامەی بۆ ئەو منداڵانە گونجاوە؛ دەبێت زیاتر بابەتی بۆخۆشی (تەرفیهی) لەخۆبگرێت وکەمتر بابەتە تیۆریەکان لە پرۆگرامەکان هەبێت .

ئامرازو کەرەستەی فێرکاری و بۆخۆشیەکان پرسیارێکی دیکەیە، ئاڕاستەی مامۆستایان کراوە پێیانوایە کەمی یاخود نەبوونی ئامرازەکان بۆتە بەربەست لە جێبەجێکردنی ئەرکیان بەرامبەر قوتابیەکانیان. بەم شێوە (م/2 )پێیوایە گرفتی کەمی پێداویستیە بۆخۆشیەکان هەیە و دەڵێت" پێویستە هۆڵی وەرزش و ژووری چیرۆک و داتاشۆ و جێگەی کاری دەستیمان هەبێت ڕاستە وەرشەمان هەیە؛ بەڵام کەلوپەلی پێویستمان نیە. بەبۆچوونی من پێویستە ئامرازەکان بەشێوەیەک بێت منداڵەکان دەستیان بجوڵێت. م/15 دەڵێت "ئەو منداڵانە سەیری کتێب ناکەن حەزیان لەیاری کردنە، لە پۆلەکەی من ئەو ئامراز و کەلوپەلی یاریانەمان نیە بەڵام پۆلەکانی تر هەندێکیان هەیە". بەهەمان شێوە (م/7 )دەڵێت" ئامرازی پێویستمان نیە منداڵەکە بەهۆیەوە لە پۆلەکان خەریک؛ بن ئەوەی بەردەستە کۆنە و بەکارنایەت". هەروەها م/12 دەڵێت"ئامراز و کەلوپەلی پێویستمان نیە بە تایبەتی ئامرازە فێرکاریەکان بە نموونە لە وانەی بیرکاری پێوستمان بە شێوە ئەندازیەکان و ژمارەی ڕەنگاو ڕەنگ هەیە تاکو باشتر فێربن".

(م/4 ) دەڵێت"لە پۆلەکەی من هیچ ئامراز و کەلوپەلێکم نیە، چی لەم قوتابیە بکەم لە پۆلدا. بەردەوام پێیڵێم دابنیشە؟ ئەگەر بتوانێت بەرگەی وانە تیۆرەکان بگرێت تەنها پانزە خولەک بەرگە دەگرێت دواتر بێزار دەبێت و لە پۆلدا ناوەستێت". زۆربەی مامۆستایان ئەوەیان خستۆتەڕوو کە کەموکورتیان هەیە لە ئامرازی فێرکاری وەکو( پێنوس،دەفتەر،پێنوسی وێنەکێشان)، وە ئامرازی بۆخۆشیەکان و پەروەردەیەکانی وەک (هۆڵی وەرزش و کەلوپەلی وەرزشی، باخچە و شوێنی یاریکردن، ژووری چیرۆک خوێندنەوە، TV، داتاشۆ،شوێنی کاری دەستی). لەمیانەی سەردانیکردنی توێژەر بۆ پۆلەکان تێبینی ئەو بارودۆخەی کردووە کە لە پەیمانگەی ئاوات ئامرازەکان بەشێوەیەکی چوونیەک لە پۆلەکاندا نیە، ئەوەی توێژەر تیبینی کردووە منداڵەکان هیچ ئامرازێکی کات بەسەربردن بەدەست منداڵەکانەوە نەبینیوە؛ تەنها هەندێک یاری(میکانۆک) لەیەک دوو پۆل بەرچاوکەوتووە وە لەبەرکەمی یان نەبوونی ئامراز یاخود کەلوپەلی یاری گرفت وململانی لە نێوان منداڵەکان دروست دەبوو. بەڵام لەهەمانکاتدا م/13,11,10,6، ئاماژە دەکەن بەوەی

ئامراز و کەلوپەلی پێویستمان هەیە. بۆ نموونە م/13دەڵێت" بەڵێ هەمانە دووساڵ پێش ئێستا ڕێکخراوێک زۆر یارمەتیان داین پێداویستی زۆریان بۆ دابینکردین، ئێمەش کەلوپەلی یاریمان هەیە". هەروەها م/10 دەلێت"دەفتەر و پێنوسمان هەیە؛ بەڵام کەلوپەلی وەرزش و هۆلی وەرزشمان نیە"

**ئامانجی یەکەم:** دەرخستنی چۆنیەتی خزمەتگوزاریە فێرکاری و پەروەردەیەکانی پەیمانگەی ئاوات لە ڕوانگەی مامۆستا و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە پەیمانگەی ئاوات لە ناوەندی شاری هەولێر.

**2-لە ڕوانگەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی:** توێژەر بەئامانجی زانینی بیروبۆچوونی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەسەر (چۆنیەتی پرۆگرامە فێرکاری و پەروەردەیەکان، و ئامراز و کەلوپەلی پێویست بۆ بەڕێوەچونی ئەم پرۆسە ) پرسیاری ئاڕاستەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کردووە، هەوڵدراوە بۆچوونی توێژەران بخرێتەڕوو بۆ ئەم مەبەستە (ت/ 1) دەڵێت" پرۆگرامی ئەم پەیمانگەیە وەکو پرۆگرامی قوتابخانە بنەڕەتیەکانە؛ بەڵام بەشێوەیەک سادە و کورتکراوە، زۆر گونجاوە بەڵام مێشکی ئەو منداڵانە بچووکە هەمووشتێک فێرنابن، قوتابی هەیە فێردەبێت چونکە خێزانەکەی بەدواداچوونی ڕۆژانەی بۆ دەکەن، قوتابیشمان هەیە بەداخەوە بە دواداچوونی نیە لەلایەن خێزانەکەی، کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە دەچێتە کۆڵان هەموو ڕەفتارێکی کۆڵان هەڵدەگرێت و لە پەیمانگە دووبارەی دەکاتەوە، ئەو منداڵانە سوودمەندی تەواونین لەم پرۆگرامە قوتابیمان هەیە دوازدە ساڵە لەم پەیمانگە دانراوە تاکو ئێستا بە ئەندازەی پێویست فێرنەبووە ."

کەواتە بەپێی وەڵامی توێژەربێت، فێربوون و سوودمەندبوونی منداڵەکان تەنها لەسەر پرۆگرامی پەیمانگە ناوەستێت، چەندە پرۆگرامێکی باش هەبێت ئەگەر  ئاستی منداڵەکە و خێزانەکەی هاوکارنەبن لە ئاڕاستەکردن و فێرکردنی مندالەکەی ئەوا پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنیان ئەنجامی باشی نابێت. بەڵام (ت/2 ) تێڕوانی جیاوازەو دەڵێت"ئەو پرۆگرامە هەرگیز گونجاو نیە پەیوەندی بەم منداڵانەوە نیە، تەنها لە 5٪ بە کەڵکی ئەو منداڵانە دێت کە دەتوانن فێرببن، ئەم قوتابیانە پێویستیان بە نوسین و خوێندن نیە. ئێمە وەک توێژەران پێشنیازی گۆڕینی ئەم پرۆگرامەمان کردووە؛ بەڵام گوێ بۆداواکاریەکانمان ناگیرێت. هۆکاری مانەوەی ئەو سیستەمە  بۆ ئەو کەسە بڕیار بەدەستانە دەگەڕێتەوە کە ئەم پرۆگرامەیان داناوەو هیچ زانیاریەکیان لەسەر ئەو منداڵانەو چۆنیەتی فێرکردنیان نیە". ت/3پێیوایە" پرۆگرامێکی زۆر وشکە کورتکراوەی پۆلی یەکەمی بنەڕەتیە، زۆر لەگەڵیدانیم چونکە ئەو منداڵانە بیرکۆڵن ئەو بابەتانە بۆ ئەوان ناگونجێت؛ مێشکیان ناتوانێت ئەو بابەتانە وەربگرێت". ت/4 بەهەمان شێوە دەڵێت"ئەو پرۆگرامە باش نیە، بۆ ئەو منداڵانە زۆر قورسە."

توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەهەمان شێوەی مامۆستاکان پێیانوایە ئەم پرۆگرامەی کە کورتکراوەی پرۆگرامی قوتابخانە ئاساییەکانە گونجاو نیە، هۆکارەکەی بۆ قورسی و نەگونجانی ئەم پرۆگرامە لەگەڵ توانای ژیری ئەو منداڵانە دەگەڕێننەوە، سەرەڕای هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی ئەو پرۆگرامە بەڵام بەهۆی گوێنەگرتن لە داواکاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی کەسی پسپۆڕ؛ ڕێگرە لەبەردەم دانانی پرۆگرامێکی سەرکەوتوو بۆ ئەو منداڵانە .

_ توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بە خاڵێکی دیکە دەکەن؛ ئەویش کەمی ئامراز و کەلوپەلی فێرکردن و پەوەردەیەکانە، هەروەها بەکارهێنانی هەندێک ڕێگەی فێربوونی کۆن کە نەیتوانیوە سوود بەم قوتابیانە بگەینێت و پەرە بە تواناکانی ئەو منداڵانە بدات. بۆ ئەم مەبەستە ت/1 دەڵێت" ئامراز و کەلوپەل بە گوێرەی پێویست نیە، ئەم منداڵانە لە پۆلەکان دادەنرێت دەبێت خەریک بکرێن ئەگەر شتێک بەدەستیانەوە نەبێت، هێزو وزەیەکی زۆریان هەیە لە پۆلەکاندا بزێوی دەکەن ".  ت/3 دەڵێت"ئەم قوتابیانە پێویستیان بە ئامرازی بەرجەستە و بینراوی  وەک فیلم کارتۆن و داتاشۆ هەیە، بۆ ئەوەی بە خێرایی فێربن، بەڵام لە پەیمانگە هیچ جۆرێک لەو ئامرازانەمان نیە تەنانەت مامۆستا کەلوپەل لەگەڵ خۆی دەهێنێت". ت/2 باس لە گرنگی ئامرازە بۆخۆشیەکان دەکات  پێیوایە" ئەو تێچووەی بەکاردێت بۆ ئامرازەکانی  فێربوونی وەکو پەراو و پێنووس بدرابایە بە ئامراز و کەل وپەلی وەرزش زۆر باشتر دەبێت، ئەم ئامرازە وەرزشیانە وادەکات ئەو منداڵانە جەستەیان تۆزێک بجوڵێت، هۆڵی وەرزش هەلیگراوە و دەڵێن کەلوپەلەکان هەمووی شکاوە، دەتوانن کەلوپەل بکڕن چونکە پەیمانگە بوجەی خۆی هەیە؛ کەسانی خێرخوازیش یارمەتی ئەو پەیمانگەیە دەدەن ."

بەبۆچوونی توێژەر پەیمانگە گرنگی زیاتر بە دابینکردنی کەلوپەلی وەک پێنووس و پەراو بە بەراورد بە ئامرازە بۆخۆشیەکان دەدات. لە قسەی زۆربەی مامۆستا و توێژەرانی کۆمەڵایەتیش دەردەکەوێت سروشتی ئەو منداڵانە و توانە ژیریەکانیان وایە حەز بەبابەتە تیۆریەکان و خوێندن و نوسین ناکەن، زیاتر چێژ لە بابەتە بۆخۆشیەکان و کەلو پەلی یاری وەردەگرن. بۆیە

ماملۆستا و توێژەرانی کۆمەڵایەتی باس لە ئامرازی نوێ و سەردەمیانە دەکەن پێویستە بەکاربێت و پشتی پێببەسترێت لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنیاندا.

**ئامانجی دووەم/** دەرخستنی چۆنیەتی ڕەوشی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەکان لە پەیمانگەی ئاوات لە ناوەندی شاری هەولێر. لەم ئامانجەدا توێژەر چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کردووە بەمەبەستی زانینی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، ئاستی توانا و کارامەیەکانیان لە گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بە منداڵی دواکەوتووی ژیری لەم پەیمانگەیەدا. پرسیارەکانی(دەرچووی کامە بەشی زانستیی، خواستی کارکردن لەگەڵ منداڵی دواکەوتووی ژیری، ڕاپۆرت نوسین دەربارەی کارەکانیان، بەژداری کردنی توێژەران لە خولی بەهێز کردن و ڕاهێناندا، ئەرکەکانی توێژەر لە پەیمانگەدا و چۆنیەتی بوونی هەماهەنگی پیشەی لە نێوان توێژەران و مامۆستا و خێزانەکاندا) ئاڕاستەیان کراوە. لەم پرسیارەدا توێژەر ئامانجیەتی زانیاریە گشتیەکان و خەسڵەتە تایبەتیەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی پەیمانگەی ئاوات بخاتەڕوو. توێژەرانی کۆمەڵایەتی دوانیان لەڕەگەزی نێر و دوانیان لەڕەگەزی مێینەن؛ سەرجەمیان دەرچووی بەشی کۆمەڵناسین.

_ **ویستی کارکردن لەگەڵ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت** پرسیارێکە ئاڕاستەی توێژەران کراوە و خاڵێکی گرنگە، چونکە کارکردن لەگەڵ ئەم منداڵانە ووزەو توانایەکی زۆری پێویستە، ئەگەر توێژەر ئەم ئارەزووە لە خۆیدا نەبێنێتەوە ناتوانێت هەوڵی دۆزینەوەی گرفتەکانیان بدات؛ بە پەرۆشبیت لە دروستکردنی پەیوەندیەکی پیشەیی بە هەموو ئەو لایەنانەی بەرپرسن لە گۆڕێنی بارودۆخی ژیانی ئەو منداڵانە، چونکە توێژەران دەتوانن ڕۆڵی بەرگریکار بگێرن بۆبەدەستهێنانی مافەکانی ئەو چینە و بەرەنگاری هەموو ئەو بارودۆخە جۆراو جۆرانە ببنەوە کە دەبنە بەربەست لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان. ئەم خاڵانەش لەکاتێکدا دێتەدی کە توێژەرانی کۆمەڵایەتی خواستی کارکردنێکی بەهێزی لەگەڵ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتدا هەبێت. ئەو بیرۆکەی لەم پرسیارە هەڵێنجراوە بریتیە لە: **پسپۆرە زانستیەکەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی هۆکاری کارکردنیانە لەگەڵ منداڵی دواکەوتووی ژیری لەم پەیمانگەیەدا.** توێژەرانی کۆمەڵایەتی بۆچوونیان وایە پسپۆڕیەکەیان و ئەوەی خوێندویانە پەیوەندی بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە، لەبەر ئەمەش کارکردنی توێژەریش پێویستە لە بواری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بێت. هەروەک ئەوەی ت/1 دەڵێت" دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی دەبێت لە پەیمانگەکان یاخود چاکسازیەکان یان بەڕێوەبەرایەتیەکاندا کاربکات. هەتاکو ئێستا شوێنێکی باشتر نەبووە لە شوێنی کارکردنی ئێستام تاکو ئەم پەیمانگەیە جێبهێڵم. ئاسوودەم لەکارکردن لەگەل ئەو منداڵانە، چونکە کەمئەندامن کارکردن لەگەڵیان خۆشەو گرفتی نیە". بەهەمان شێوە ت/3 دەڵێت" بە خواستی خۆم کاردەکەم، پسپۆڕی و بەشەکەم پەیوەندی بەو بابەتانیە هەیە و خوێندوومە. گرنگە پسپۆڕیەکەت لە چ بوارێک بێت لەم بوارەشدا کاربکەیت هەم بۆخۆت بەسوودە هەم بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵی کاردەکەیت". ئەوەی توێژەرانی پەیمانگە ئاماژەی پێدەکەن پسپۆری توێژەر و ئەمری واقع و ڕاهاتن لە کارکردن لەگەڵ توێژێکی دیاریکراو، ئەوەی چەسپاندووە بەسەریان کار لەگەڵ ئەو منداڵانە بکەن.

-**بەژداری کردنی توێژەران لە خولی بەهێزکردن و ڕاهێنان**: لەپێناو بەهێزکردنی توانا و کارامەیەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێویستە خولی ڕاهێنان و نوێکردنەوەی زانیاریەکان گرنگی پێبدرێت، چونکە بوونی زانیاری دەربارەی پسپۆڕیەکەی، پەرەسەندنی پیشەیی و چالاکیەکانی توێژەر زیاتر دەکات. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پرسیاری (بەژداری خولی ڕاهێنانت کردووە پەیوەندی بەکارەکەتەوە هەبێت؟) ئەو بیرۆکەی لەم پرسیارە هەڵێنجراوە بریتیە: ***(خولی بەهێزکردن و ڕاهێنان بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەنجام نادرێت و لە ئاست پێویستیە پیشەیەکانیان نین).*** هەروەک ئەوەی ت/1دەڵێت"بەڵێ بەژداری سێ خولم کردووە یەکێکیان تایبەت بوو بە خێزانە ئاوارەکان کە پەیوەندی بە کارەکەی من نەبوو، دوو دانەکەی تر پەیوەندی بە منداڵی داونسیندرۆم و ئۆتیزمەوە هەبوو. بەڵام لەبەر باردۆخی تەندروستیم کەمتر بەژداری لە خوول و ڕاهێنان دەکەم". هەروەها ت/3 دەڵێت" بەڵی ساڵانی پێشوو زۆر خولم بینیوە؛ بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستا ئەم خولانە ناکرێنەوە کۆتا خول کە بینیبێتم بۆ شەش ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە". دووبارە ت/4 ئاماژە بەوە دەکات لەوەتەی لەم پەیمانگەیە کاردەکات تەنها بەژداری یەک خولی کردووە" بەژداری خولێکم کردووە دەربارەی پەروەردەکردنی منداڵ بەڵام سوودم لێنەبینی تەنها کات بەڕێکردن بووە". لە کۆی ووتەی توێژەران دەردەکەوێت کە خولی ڕاهێنان و بەهێزکردن لەم ساڵانەی دوای کەمتر ئەنجامدراوە، بەشێک لە توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن هەندێک کات ئەو بابەتانەی لە خولەکان باس دەکرێت پەیوەندی بە کارەکانیان نیە .

-**ڕاپۆرت نوسینی توێژەران دەربارەی کارەکانیان**: نوسینی ڕاپۆرت بە بەشێکی سەرەکی کاری توێژەرەرانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. ئەو ڕاپۆرتانە دەکرێت ڕاپۆرتی بەدواداچوون و لێکوڵینەوە دەربارەی بارودۆخی قوتابی و خێزانەکان بێت، یاخود هەڵسەنگاندنی ئاستی سوودمەندبوون لە خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکان بێت. ڕاپۆرتی توێژەران پێویستە پێشنیازی چارەسەرکردنی گرفتەکان بخاتەڕوو، لایەنی بەرپرسی لێ ئاگادار بکرێتەوە. ئەو بیرۆکەی لەم پرسیارە هەڵێنجراوە بریتیە لە: (**توێژەرانی کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتی تایبەت بەکارەکانی خۆیان نیە و داوایان لێناکرێت، بەڵام مانگانە بەشێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتێک لەسەر کارەکانی پەیمانگە ئامادە دەکرێت)**_ هەروەک لە بۆچوونی ت/1 دەردەکەوێت "هەموو مانگێک ڕاپۆرتێکی گشتی لەسەر کارەکانی پەیمانگە دەنوسرێت؛ تۆماری بەدواداچوونی ڕۆژانە هەیە ئەگەر گرفتێک ڕوبدات و چارەسەر بکرێت تێیدا دەنوسرێت". بەهەمان شێوە ت/2 دەڵێت "ڕاپۆرتی گشتی دەنوسرێت سەبارەت بە هەموو پەیمانگە، بەڵام هیچ کاریگەری نیە تەنها نوسینە، ڕاستیەکەی من ئێستا ناینوسم داواکاری هیچ ناکەم حکومەت هیچ شتێکت بۆ ناکات بەردەوام دەڵێت پارەنیە، ئەگەر سیستەمێکی بەهێز هەبێت دەبێت هەر توێژەرێک ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی کارەکان بنوسێت، بەڵام زۆر پێداگری لەسەر نوسینی ڕاپۆرت ناکرێت، چونکە پارەیان بۆ خەرج ناکرێت و حەزناکەن کەس هیچ شتێک بڵێت ."
وەک ئەوەی لە بۆچوونی توێژەران دەردەکەوێت داوای نوسینی ڕاپۆرتیان لێناکرێت لەگەڵ ئەوەی راپۆرت نوسین بە یەکێک لە ئەرکە پێشینەکانی توێژەران دادەنرێت؛ بەڵام لایەنی پەیوەندیدار گرنگی بەم بابەتە نادەن.

-**ئەرکی توێژەران چیە لە پەیمانگەدا؟)، پرسیارێکە ئاڕاستەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کراوە** بەمەبەستی زانینی ئەرک و چالاکیەکانیان لە پەیمانگەدا، ئەو بیرۆکەی لە وەڵامی ئەو پرسیارە هەڵێنجراوە بریتیە لە(_**ئەرکی ڕۆژانەی توێژەران لە کاری ڕۆتینی ڕۆژانە و دڵنیابوون لە چوونی قوتابی و مامۆستا بۆ پۆلەکان کۆدەبێتەوە)**. بۆنموونە ت/1 دەڵێت" توێژەران سەرپەرشتی هەموو پۆلەکان دەکەن، بەیانیان کاتێک دەوام دەست پێدەکات قوتابیەکان بێهێزن حەز ناکەن بچن بۆ پۆلەکان، ئێمە دەیانبەین بۆ ژوورەکان تاکو مامۆستاکە ئامادە دەبێت". بەهەمان شێوە ت/3دەڵێت" بەیانیان پێشوازی لە قوتابیەکان دەکەین دەگەڕێن بە پۆلەکاندا تاوەکو بزانین مامۆستا ئامادەیە و هاتووە وە ئەگەر مامۆستا نەهاتبێت ئێمە لە بڕی ئەوان دەچین بۆ پۆلەکان، چونکە نابێت ئەو منداڵانە بێ سەرپەرشت یاخود بێ چاودێر بمێننەوە، دواتر سەیری پۆلەکان دەکرێت بزانین مامۆستاکە وانە دەڵێتەوە یاخود قوتابی ناچێتە ژوورەوە یان دەگرییێن، دەبێت بەئارامی مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت تاوەکو بچنە پۆلەکانیانەوە. جگە لەمانەش کاتی پشوو وەرگرتنی قوتابیەکان و چوونیان بۆ فرۆشگە یارمەتی چاودێرەکان دەدەین". ت/٢ بەهەمان شێوە دەڵێت" هەندێکجار دەچمە ژوورەکان بەو مەبەستەی بزانم مامۆستاکە چۆنە لەگەڵیان هەڵدەستێ بە ئەرکی سەرشانی خۆی وانەکە دەڵێتەوە، هەندێکجار دەبینم مامۆستاکە تەنها ڕاوەستاوە وانە ناڵێتەوە پێیدەڵێم ئەگەر ناتوانی وانە بڵێیتەوە بێزاری دەتوانیت شتێکی تریان لەگەڵ بکەیت؛ دەتوانی وەرزیشان پێبکەیت جوڵەی بەیانیان بۆ ئەو منداڵانە باشە".
لە بۆچوونی توێژەران دەردەکەوێت ئەرکیان تەنها لە چوارچێوەی ڕۆتینی ڕۆژانە کۆبۆتەوە، کۆمەڵێک ئەرکی گرنگتر هەیە کە پێویستە توێژەران ئەنجامی بدەن؛ بەڵام لە پەیمانگە ئەوە بەدیناکرێت. لەگەڵ ئەوەی هەر توێژەرێک لە یەکێک لە لێژنەکانی وەرگرتنی قوتابی، لێژنەی بەدواداچوونی فرۆشگە و لێژنەی پاسەکان و وەرگرتنی کرێی گیرفان بۆ منداڵەکان ئەندامن؛ بەڵام لەهەمان کاتدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە پێشنیاز و داواکاریەکان لەسەر گرفتەکانی پەیمانگە وەرناگیرێت هەروەک ت/4 دەڵێت" من لە لێژنەی بە دواداچوونی ( )ی پەیمانگەکانم لەگەڵ چەند کەسی تر، دەبێت بە دواداچوون بکەین بزانین کارەکان چۆن چۆنیە؛ بەڵام من وەک خۆم تاکو ئێستا نەچوومە نازانم کارەکە چۆنە. ئەو لێژنانە وەهمین بڕیاری کۆتا بۆ بەڕێوەبەرەکان دەمێنێتەوە".

-**هەماهەنگی توێژەران لەگەڵ مامۆستایان و و خێزانەکان چۆنە؟** لەم باسەدا توێژەر هەوڵیداوە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان توێژەران لە نێو خۆیاندا و لەگەڵ مامۆستا و خێزانەکان ڕوونبکاتەوە. سەرەتا پرسیاری ئەوەی (پەیوەندی پیشەیی توێژەران چۆنە لەگەڵ یەکتری؟)خراوەتەڕوو، ئەو بیرۆکەی لەم پرسیارەدا هەڵێنجراوە بریتیە لە:(**توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەماهەنگ نین لەکارەکانیان بەهۆی ناهاوسەنگی لە ئەزموون و ڕۆشنبیریان لەگەڵ خراپی پەیوەندیە کەسیەکانیان لەگەڵ یەکتری.)** هەروەک ت/1دەڵێت" پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوانمان کەمە؛ لەکاتی هەبوونی گرفتەکان بەیەکەوە گفتوگۆیان لەبارەیەوە ناکەین؛ بەڵام هەرکەسێک لە چوارچێوەی ئەرکی خۆیدا هەوڵدەدات گرفتەکان چارەسەر بکات". ت/3 دەڵێت" لە ڕاستیدا هەندێک بابەت هەیە بەیەکەوە بڕیاری لەسەر دەدەین؛ هەندێک جاریش دەبێتە تاکەکەسی، چونکە دەوەستێتە سەر

ئەوکەسە(توێژەر-مامۆستا) تاچەند ئاستی ڕۆشنبیر و ئەزموونی لەو ئاستەدایە بتوانی لەگەڵی گفتوگۆ و پێشنیاز بکەیت؛ ئەو بابەتە ببێتە نوسراو بۆ لایەنی بەرپرس بەرزبکرێتەوە". بە گوێرەی تێڕوانینی توێژەر بێت نا هاوسەنگی لە ئەزموون و ڕۆشنبیری (توێژەر/مۆستا) دەبێتە بەربەست لەوەی کاری هەرەوەزی بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی پێشهاتوو ئەنجامبدرێت .

هەروەها ت/4  بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو و دەڵێت" بەهیچ شێوەیەک هەماهەنگی لە نێوانمان نیە؛ پەیوەندیمان نیە گەڵ یەکتری لەبەر ئەمە ئێمە لەگەڵ یەکتری گفتوگۆ ناکەین."  بەڵام ت/2 دەڵێت" تاڕادەیەک بەیەکەوەیە کار دەکەین، بەڵام یەک دەنگ نین دەبێت بۆچوونی یەکتر قبوڵبکەین. بۆنموونە من لەگەڵ ( ف) گرفتم نیە بەڵام لە ڕووی پیشەییەوە بۆچوونمان جیاوازە.

لە تێڕوانینی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەردەکەوێت خراپی پەیوەندیە کەسی و پیشەییەکان لەگەڵ دیدگای جیاواز بۆ تێگەیشتن لە گرفتەکان کاریگەری لەسەر کاری پێکەوەیی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کردووە، لەکۆتایدا ئەوەی دەرکەوتووە ئەنجامە بە زیانی ئاستی کارایی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان دەشکێتەوە.

**پەیوەندی و هەماهەنگی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ مامۆستایان چۆنە؟)**، پرسیارێکی دیکەیە ئاڕاستەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کراوە. ئەو بیرۆکەی لەم پرسیارە هەڵێنجراوە بریتیە لە:(**هەماهەنگی نێوان توێژەران و مامۆستایان لە ئاست پێویستدا نیە).** هەروەک ت/1دەڵێت" هەماهەنگیمان لەگەڵ مامۆستایاندا زۆر کەمە، هەر توێژەرێک حەزبکات دەچێتە پۆلەکان ئەوەی حەز نەکات ناچێت. من وەک خۆم دەچم بەڵام تا چەند مامۆستاکان حەزدەکەن بچین بۆ پۆلەکان؟." هەروەها ت/4 دەڵێت" من پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستاکاندا هەیە؛ هەموو ڕۆژێک بۆ وەرگرتنی ناوی قوتابیە هاتوو و نەهاتووەکان دەچین بۆ پۆلەکان، خۆی پێویستە ئێمە ڕۆژانە بچین بۆ پۆلەکان دابنیشین بزانین مامۆستا چی دەکات چۆن وانە دەڵێتەوە بەڵام ئەو کارە ناکرێت، هەماهەنگی نیە لە نێوان توێژەر و مامۆستا، قوتابی هەبووە سزادراوە توێژەر ئاگادار نیە" بەگوێرەی ووتەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەگەل ئەوەی هەماهەنگی پیشەیی لەنێوان مامۆستا و توێژەر نیە؛ بڕیارەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ لای توێژەر بڕیاریان لەسەر دەدرێت و جێبەجێ دەکرێت. ( ت\2) دەڵێت"پەیوەندیمان لەگەڵ هەندێکیان زۆر باشە لەگەڵ هەندێکی دیکەشدا بەمشێوەیە نیە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە حەزیان بەم پەیمانگەیە نیە؛ ناگونجێن لەگەڵ ئەو منداڵانە."

 لەم بۆچوونەوە دەتوانین ئەوە بەدی بکەین هەماهەنگی و هاوکاری پیشەیی مامۆستاو توێژەران لە ئاستێکی خراپدایە، بەشێکی هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کار و ئەرکەکانی توێژەر بەشێوەیەکی گونجاو ڕێکخستنی بۆ نەکراوە، لە لایەکی دیکەوە توێژەران ئەرکیان وەک چاودێر و لێپرساو بۆ لێپێچینەوە بەسەر کارەکانی مامۆستا و ئامادەبوونی لە پۆلدا دانراون.

-**پرسیاری ئەوەی (هەماهەنگی نێوان توێژەران و خێزانەکان چۆنە؟)** ئاڕاستەی توێژەران کراوە. ئەو بیرۆکەی لەم پرسیارە هەڵێنجراوە بریتیە لە(**هەماهەنگی نێوان توێژەران و خێزانەکان لەئاستی پێویست نیە و بەدواداچوون بۆ ئەو گرفتە هەستیارانە ئەنجامنادرێت کە لە ناو خێزانەکانیان ڕوودەدات.)** هەروەک لە بۆچوونی ت/(1,2,3,4) دەردەکەوێت و دەڵێن خێزانەکان کەمتر سەردانمان دەکەن، ساڵانی پێشوو بەهۆی بوونی هاوکاریەکان زۆرتر دەهاتن بۆ پەیمانگە، بەڵام بەهۆی نەمانی ئەو هاوکاریانە سەردانی پەیمانگە ناکەن؛  توێژەرانی کۆمەڵایەتی تەنها سەردانی ئەو خێزانانە دەکەن کە منداڵەکەیان گرفتێکی هەیە. هەروەک ت/1 دەڵێت" خێزانەکان کەمتر سەردانمان دەکەن، پێش قەیرانی دارایی زیاتر دەهاتن، لەبەرئەوەی خەرجی گیرفان و خۆراک و کەلوپەلیان پێدەدرا".  لەگەڵ ئەوەدا خێزانەکان سەردانی پەیمانگە ناکەن، بەهەمان شێوە پەیمانگەش کۆبوونەوەی خێزانی ڕێک ناخات بە مەبەستی زانینی گیروگرفتی خێزانەکان و هۆشیارکردنەوەیان،  هەروەک ت/3 دەڵێت" ساڵانی پێشوو کۆبوونەوی خێزانی دەکرا، کاتێک خێزانەکان دەهاتن بۆ وەرگرتن خەرجی گیرفان ئەو کاتانە هەر گرفتێکیان هەبوایە باسیان دەکرد. بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا ئەو پارەیە نەماوە خێزانەکانیش سەردانمان ناکەن.  هەروەها (ت/4 ) ئاماژە بە بابەتێکی هەستیار دەکات لەگەڵ ئەوەی هەندێک کات سەردانی هەندێک لە خێزانەکان دەکرێت؛ هەندێک پێشێلکاری خێزانەکان دەبینن بەرامبەر بە منداڵەکە بەڵام بەبێ هەڵوێستی دەمێننەوە،  دەڵێت" سەردانی کردنمان تەنها بۆ ماڵی ئەو قوتابیانە دەبێت کە گرفتیان هەیە، چونکە ئۆتۆمبیل نیە بۆ ئەو سەردانیکردنانە.؛  زۆر کات بینیومە منداڵ لەناو خێزانەکەی خۆیدا توندوتیژی بەرامبەر کراوە لە کاتی نوسینی ڕاپۆرت ئاماژەی پێنەکراوە، بەبیانووی ئەوەی یەکێک ئەو ڕاپۆرتە

بخوێنێتەوە دواتر گرفت بۆ خێزانی منداڵەکە و پەیمانگەش دروست ببێت".
وەک دەزانرێت هۆشیارکردنەوەو کارکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکانیان بە گرنگترین کارەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی بەرگریکار ئەرکێکی گرنگە دەبێت کاری لە پێشینەی کاری کۆمەڵایەتی و توێژەران بێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی زۆرترین دۆخی نەخوازراو دەبنەوە.

## 6.ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان

### 6.1.ئەنجامەکان:

لە ئەنجامی چاوپێکەوتن و تێبینیکردن توێژەر گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1-پرۆگرامە فێرکاری و پەروەردەییەکانی پەیمانگەی ئاوات کورتکراوەی پرۆگرامی قوتابخانە ئاساییەکانن، لەگەڵ خواست و توانای ئەم منداڵانەدا نەگونجاون و مەبەستی پەروەردە و فێرکردنییانی نە پێکاوە، گونجاوترین پرۆگرام لەدیدی مامۆستا و توێژەران ئەو پرۆگرامانەن کە زیاتر بابەتی بیستراو و بەرجەستە و دڵخۆشی (تەرفیهی) لە خۆبگرێت. بەڵام نەبوونی کەسانی ئەزموندار لە دانانی پرۆگرامێکی تایبەت بەم منداڵانە هۆکارە خزمەتگوزاریە پەروەردەیی و فێرکاریەکان لەم دۆخەدا بمێنێتەوە.

2-کەموکورتی و کۆنی ئامرازە فێرکاری ودڵخۆشیەکان، بۆتە بەربەست لەبەردەم فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵانی دواکەوتووی ژیری. هەروەها بەکارهێنانی ڕێگەی کۆن لە پرۆسەی فێرکردندا، کە نەیتوانیوە سوود بەم قوتابیانە بگەیێنێت و پەرە بە توانا شاراوەکانیان بدات. لە دیدی توێژەران و مامۆستایان پێویستە لە ڕێگەی ئامراز و کەلوپەلی نوێ و سەردەمیانەی وەکو (داتاشۆ، فیلم کارتۆن، کەلوپەلە یاری و وەرزشیەکان ژووری چیرۆک خوێندنەوە) هەوڵبدرێت منداڵانی دواکەوتووی ژیری فێربکرێن.

3-توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەرچووی بەشی کۆمەڵناسین؛ پسپۆڕیەکەیان پەیوەندی بە کارکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە.

4-پسپۆڕە زانستیەکەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی, هۆکاری کارکردنیانە لەگەڵ منداڵی دواکەوتووی ژیری لە پەیمانگەی ئاوات لەشاری هەولێر.

5- خولی بەهێزکردن وڕاهێنان هۆکارێکە بۆ پەرەپێدان بە توانا پیشەیی ومەعریفیەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەڵام ئەنجام نادرێت و لە ئاست پێویستیەکانیاندا نیە.

6-توێژەرانی کۆمەڵایەتی شێوازەکانی کارکردنی پیشەیی لە بەدواداچوون بۆ گرفتەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بەکارەکانیان نانوسن و داوایان لێناکرێت، بەڵام مانگانە بەشێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتێک لەسەر کارەکانی پەیمانگە ئامادە دەکرێت.

7- ئەرکی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە پەیمانگە بریتیە لەجێبەجێکردنی کاری ڕۆتینی ڕۆژانە و دڵنیابوون لە هاتنی قوتابی و مامۆستا بۆ پۆلەکان؛ چاودێریکردنی مامۆستا تاکو بزانن وانە دەڵێنەوە.

8-توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەکارەکانیاندا هەماهەنگ نین، بەهۆی ناهاوسەنگی لە ئەزموون و ڕۆشنبیریان لەگەڵ خراپی پەیوەندیە کەسیەکانیان. هەروەها هەماهەنگی نێوان توێژەران لەگەڵ مامۆستایان و خێزانەکان لە ئاست پێویستدا نیە، و بەدواداچوون بۆ ئەو گرفتە هەستیارانە ئەنجامنادرێت کە منداڵانی دواکەوتووی ژیری لە ناو خێزانەکانیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

### 6.2.پێشنیازەکان بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو:

1-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەنێوان پەیمانگە میری و نا میرییەکان دەربارەی ئاستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکان بە منداڵی دواکەوتووی ژیری.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک دەربارەی ڕۆڵی دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگە بەرامبەر منداڵی دواکەوتووی ژیری.

3-تێڕوانینی توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەربارەی منداڵی دواکەوتووی ژیری و کاریگەری لەسەر ئەرکە پیشەییەکەیان.

4-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی چۆنیەتی دەربارەی گرفتی منداڵانی دواکەوتووی ژیری لە نێو خێزاندا.
5-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی چۆنایەتی دەربارەی شیاندنەوەی پیشەیی بۆ منداڵی دواکەوتووی ژیری.

**6.3.ڕاسپاردەکان:**

-چەمکێک یا خود ناولێنانێکی دروست و شایستە کە کەمتر گوزارشتی نەرێنی هەڵگرتبێت سەبارەت بە منداڵی دواکەوتووی ژیری دابهێنرێت .

- دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی پەیوەستن بە لایەنی دڵخۆشی بۆ منداڵی دواکەوتووی ژیری لە پەیمانگەی ئاوات وەکو بابەتی هونەر، وەرزش، مۆسیقا، گەشت و سەیران.

-دانانی پسپۆڕ لە بواری ( کاری کۆمەڵایەتی، دەروونی، پەروەردەی تایبەت، پسپۆری چارەسەری سروشتی، پسپۆڕی زمان و ئاخاوتن) لە پەیمانگەی ئاوات.

-کارمەندانی پەیمانگە لە ڕێگەی خول و ڕاهێنانەوە پەرە بە توانا و کارامەیە پیشەیی و زانیاریەکانیان بدرێت.

کار لەسەر دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکان و چۆنیەتی پێشکەش کردنیان بە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێت.

## 7.لیستی سەرچاوەکان


**سەرچاوەی کوردی**:

-ئەبراش، ئیبراهیم.(2013). میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی. وەرگێرانی دیدار ئەبو زێد. چاپخانەی ڕۆژهەڵات:هەولێر

-المعایطة، خلیل ئەوانی تر.(2017). دەروازەیەک بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی. وەرگێرانی: عبدلله اسماعیل و عبدستار خدر. چاپخانەی شەهاب: هەولێر.

-بۆکانی، سابیر (2020). میتۆدی توێژینەوەی زانستی. چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی.

**-سەرچاوەی عەرەبی:**

_أحمد،أحمد،كمال (1979). منهج الخدمة الاجتماعية. مكتب الخانجي بالقاهرة:جدة.

-القمش،م،ن و المعايطة،خ،ر(2014). سيكولوجية الأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة. دار المسيرة : عمان.

-البطريق،م،ك(1958). الخدمة الاجتماعية مهنة ذات علم و فن.

-احجيج، حسن و فزة، جمال.(2019). البحث الكيفي في العلوم الاجتماعية: نظريات وتطبيقات. المطبعة االوراقة الوطنية. لم يتم الإشارة إلى المكان.

-أبوالنصر،مدحت،محمد.(2017). مناهج بحث في الخدمة الاجتماعية. المجموعة العربية للتدريب والنشر: القاهرة.

-الغامدي،م،ع و أحمد،م،م.(2020) الإرشاد النفسي لذوي الإعاقة العقلية و أسرهم. المركز الأكاديمي للنشر: الاسكندرية .

-النواصره،حسن، محمد(2006).ذوى الاحتياجات الخاصة، مدخل فى التأهيل البدنى.ط1، دار الوفاءالطباعة والنشر: الإسكندرية.

-القمش، مصطفى، نوري (2011). الإعاقة العقلية النظرية والممارسة. دار المسيرة لنشر: عمان.

-السروجى،طلعت،مصطفى. و أبو المعاطى، ماهر. (2009).ميادين ممارسة الخدمة الاجتماعية. جامعة القدس المفتوحة: عمان.

-الزعبى، صالح عبدللة و العواملة،أحمد، سليمان (2000). التربية الرياضية للحالات الخاصة. دار صفاء للنشر:عمان.

-خليفة وليد السيد أحمد و عيسى مراد على . (2015) الاتجاهات الحديثة فم مجال التربية الخاصة:تخلف عقلى. دار الوفاء للطباعة: لإسكندرية.

-خلافة، زينب (2020). البحوث الكيفية في العلوم الإنسانية، الاستخدام التصميم والمناهج،مجلة العلوم الاجتماعية و الإنسانية. مجلد:13،عدد:02، صفحة: 102-115 الجزائر. منشورة على الموقع الكتروني:- www.asjp.cerist.dz/en/article/141920

-لعيبي،ح،ع و وتوت،ع،ج (2013). المشكلات التعليمية والتربوية للاطفال ذوي الاحتياجات الخاصة في العراق.دراسة ميدانية منظور الكادر التعليمي والاجتماعـــي، في معاهـــد رعايـــة ذوي الاحتياجـــات الخاصـــة في مدينـــة الديوانيـــة. journal, for humanities sciences al qadisiya,volume:16,number:1,publisher: Al_ Qadisiyah University.

-. علام ،ماجدة، كمال و عطية، السيد عبد الحميد(1985). الرعاية الاجتماعية و الخدمة الاجتماعة. المكتب الجامعى الحديث:الإسكندرية.

-عبيد،ماجده، السيد. (2000). مقدمة في تأهيل المعاقين. دار الصفاء للنشر: عمان .

-عبيد،ماجده، السيد. (2013). الإعاقةالعقلية. دار الصفاء للنشر: عمان.

- يوسف،طلال. (2005).التربية الخاصة في رعاية ذوي الاحتياجات الخاصة. دار أسامة للنشر:عمان.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

-Assembly, U,G.(1989).Convention on the Rights of the child .United Nation, Treaty Series,1577(3),1-23.

Creswell, J,W. ,Creswell,J.D. (2018). Qualitative, Qauntitative, and Mixed Methods Approaches (5th ed).
-Thousand Qaks: SAGE
Creswell, j. W. (2013). Qualitative Inquiry and Research Design: Choosing among Five Approaches(3rd
-ed.). Thousand
Qaks,CA: SAGE.
-Engelbrecht, L, K.(1999).Introduction to social work. Wellington: Lanzo, P O BOX 790.
-Friend, M. and Bursuck , W. D. (2012 ).Including students with special needs: A practical Guide for Classroom Teachers. 6th. A Pearson Education, Boston,MA,02116.
-Given, L. M. (.2008). The SAGE Encyclopedia of Qualitative Research Methods. United States of Americ: library of congress.-Gargiul , M. -Richard . AND Bouck, Emily. C . ( 2018). Special Education in Contemporary Society: An introduction to Exceptionality, six edition, Los Angeles: SAGE Publication.
-Hallahan, D. P. and Kauffman, J. M. (1988). Exceptional Children: Introduction to Special Education(tenth Editon).United States of America: library of congress.
-Heward, W. L. and Alber- Morgan,S.R. and other.(2017). Exceptional children: An introduction to special Education ( Eleventh Edition). United States of America: PEARSON Eduation.

# The Reality Of Service In The Field Of Children With Mental Retardation at Awat Institute in the Erbil City

**Omar Ibrahim Azeez**

Department of psychology,College of Arts, Salahaddin University-Erbil

Omar.aZeeZ@SU.edu.Krd

**Awring Ismail jalal**

Department of Social Work,College of Arts,Salahaddin Universiy-Erbil

awring.jalal@su.edu.krd

**Abstract**

The main aim of this research is to demonstrate the realiaty of social and educational services of children with mental retardation from the point of view of social workers and teachers at Awat Institute in Erbil governorate.This research is a descriptive research where Qualitative method is used as a main method in addition to utilizing Thematic analysis to analyes the data collected in the reaseach. The research population is Awat institute which is specialized in the education of children with mental retardation. Moreover, the research samples consist of 23 teachers and 4 social workers at Awat institute where they intentionally selected. Data collection process conducted through semi structured interview and observation method. The most significant result obtained from this research is the condition of social and educational services from the perspective of teachers and social workers are not at the acceptable level. The most important recommendation made in this research and presetnted to MOLSA is the recruitment of sepecialists in various areas (psychologist, education specialists, physiotherapist, Language and Speech Training Specialists) for Awat institute. Furthermore, the most important recommendation made for future researche is to conduct a Comparative research between government and non-government institutes with regard to provision of the level of services for children with mental retardation.

**Keywords:** Children with special needs, Mental Retardation, Social service, Educational service.

## واقع الخدمات المقدمة للاطفال ذوي الاعاقة العقلية في معهد أوات /أربيل

"دراسة ميدانية في مركز مدينة اربيل"

**أورينگ اسماعيل جلال**

قسم العمل الاجتماعی، كلية أداب، جامعة صلاح الدين-أربيل

awring.jalal@su.edu.krd

**عمر أبيراهيم عزيز**

قسم علم النفس، كلية أداب، جامعة صلاح الدين-أربيل

omar.azeez@su.edu.krd

**ملخص**

الهدف الرئيس من هذا البحث هو توضيح حالة الخدمات الاجتماعية والتعليمية للأطفال ذوي الاعاقة العقلية من وجهة نظر الأخصائيين الاجتماعيين والمعلمين في معهد آوات في محافظة أربيل. هذا البحث عبارة عن بحث وصفي حيث يتم استخدام الطريقة النوعية كأسلوب رئيسي بالإضافة إلى استخدام التحليل الموضوعي لتحليل البيانات التي تم جمعها في البحث. مجتمع البحث هو معهد أوات المتخصص في تعليم الأطفال ذوي الاعاقة عقلياًً. و أما عينة البحث، فتتكون من 23 معلما و 4 أخصائيين اجتماعيين في معهد أوات حيث تم اختيارهم عن قصد. تتم عملية جمع البيانات من خلال المقابلة شبه المنظمة وطريقة الملاحظة. أهم النتائج التي تم الحصول عليها من هذا البحث هي أن حالة الخدمات الاجتماعية والتعليمية من وجهة نظر المعلمين والأخصائيين الاجتماعيين ليست بالمستوى المقبول. ومن أهم التوصيات الواردة في هذا البحث والموجهة إلى وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في حكومة أقليم كوردستان العراق: هي تعيين متخصصين في مجالات مختلفة (أخصائي نفسى، متخصصون في التربية، أخصائي علاج طبيعي، متخصصون في تدريب اللغة والنطق) لمعهد أوات. و أخيراًً تقترح هذه الدراسه، إجراء بحث مقارن بين المؤسسات الحكومية وغير الحكومية فيما يتعلق بتقديم مستوى الخدمات للأطفال ذوي الاعاقة العقلي.

**الكلمات المفتاحية :** الأطفال ذوي الاحتياجات الخاصة, ذوي الاعاقة العقلية ، الخدمة الاجتماعية، الخدمة التعليمية.